# شێخانی نەقشبەندی لە هەورامان و هەڵەبجە لە دروست بونیانەوە تا ١٩٥٨ز.

**سوزان کەریم مستەفا[١]، لوقمان محەممەد قادر[٢]**

[١،٢] بەشی مێژوو، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، شاری سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق

Corresponding author's e-mail: Mhamadluqman422@gmial.com

## پوختە

پوختەی ئەم توێژینەوەیە"شێخانی نەقشبەندی لە هەورامان و هەڵەبجە لە دروست بونیانەوە تا ١٩٥٨." لێکۆڵینەوەیەکی مێژووییە لە تەریقەتی سۆفیگەری نەقشبەندی و شێخەکانی، لەم جوگرافیا دیاری کراوەدا. وەك بەشێك لە مێژووی ئایینداری کورد، لە ناوچەکە. بەگشتی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە پێشەکی و سێ تەوەر. پاشان ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان.

تەوەری یەکەم: ئاوڕدانەوەیە لە مێژووی تەریقەتی نەقشبەندی لە ناوچەکە و چۆنیەتی گەشتنی بەو سنوورە. دواجار هۆکارەکانی گەشەکردنی لەم ناوچەیە و پەیوەندییەکانی لەگەڵ هێز و دەسەڵاتەکانی ئەو ڕۆژگارە. کە بە شێخ (عوسمان سیراجەدین) دەست پێدەکات وەك خەلیفەی یەکەمی مەولانا لەم ناوچەیە و بەجێهێنانی ئەرك و ڕێنماییەکانی مەولانا.

تەوەری دووەم: ڕۆچوونە بەناو نەریتی شێخە نەقشبەندییەکانی هەورامان، لە چۆنیەتی گواستنەوەی دەست بەدەستی شێخایەتی لە ناو ئەم تەریقەتە و لەو ناوچەیەدا. کە خۆی لە بنەڕەتدا دەبوو جیاواز لە نەریتی شێخایەتی بۆ ماوەیی قادرییەکان، چونکە لە بنەڕەتی ئەم تەریقەتەدا شێخایەتی دەبوو پشتی بە توانست و پابەند بوونە ئاینی و سۆفیزمییەکانی خەلیفەکان بەستبا، بەڵام هەمان نەریتی قادرییەکانیان پیادەکردووە، لە دانانی شێخدا. ئەگەرچی خەلیفەی خوێندەوارو خاوەن توانستیشیان زۆر بووە. ئەم نەریتەش ئەگەر لە ڕوویەکەوە شێخایەتی لە ناو ئەم بنەماڵەیەدا بۆ ماوەیەکی زۆر هێشتبێتەوە، لە ڕووەکەیترەوە سەرچاوەی ناکۆکی بووە لەناو نەوەکانیی شێخدا لەسەر بابەتی شوێنگرتنەوە وپێگەی بوونە شێخ.

تەوەری سێیەم: قسەکردنە لە بنەڕەتی خێزانی ئەم بنەماڵەیە و دەرخستنێکی ڕیزبەندیانەی دیارترین شێخە نەقشبەندییەکانی هەورامان خراوەتە ڕوو. ئەوانەی بەرجەستەی کاری فەرمی شێخایەتیان کردووە، بۆ هەریەك لەو شێخانە ژیانی ئاینی و کۆمەڵایەتیان لەگەل ڕۆڵ و کاریگەریان بەسەر تەریقەتەکەوە خراوەتە ڕوو لەگەڵ ئاماژەدان بە پێگەشتوویی ئاستی زانستیان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانیان

**کلیلی وشەکان:** (تەریقەت، شێخ، خەلیفە، ناکۆکی، حوجرە و خانەقا)

| | |
|---|---|
| گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە:گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات | |
| DOI Link | http://doi.org/10.32410/huj-10466 |
| ڕێککەوتەکان | ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢٢/٩/٢ \| ڕێککەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٢/١٠/٢٦ \| ڕێککەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٣/٦/٣٠ |
| ئیمەیلی توێژەر | Mhamadluqman422@gmial.com |
| مافی چاپ و بڵاو کردنەوە | ©٢٠٢٣ پ.د. سوزان کەریم مستەفا، لوقمان محەممەد قادر، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0 |

## ملخص

(المشايخ النقشبندية في هورامان وحلبجة منذ نشأتها لغاية ١٩٥٨) دراسة تاريخية للطريقة الصوفية النقشبندية ومشايخها، في هذه المنطقة الجغرافية المذكورة، كجزء من تأريخ ديانة الكورد في هذه المنطقة بشكل عام. هذه الدراسة تتألف من ثلاثة محاور، يليها النتيجة وقائمة المصادر.

**المحور الأول:** إلتفاتة تأريخية للطريقة النقشبندية في المنطقة وكيفية وصولها لهذه المنطقة، بعد ذلك اسباب نموها في المنطقة وعلاقاتها مع القوى والسلطات الحاكمة في تلك الأيام. الذي يبدأ بمقدمتهم الشيخ (عثمان سراج الدين) كأول خليفة لـ (مولانا) في المنطقة وتنفيذ أوامر و توجيهات (مولانا خالد).

**المحور الثاني:** التعمق والخوض في عادات و تقاليد شيوخ نقشبندية هورامان، في كيفية انتقال رتبة المشيخة يدا بيد في هذه الطريقة وفي هذه المنطقة، في الأصل كان الواجب بان يكون مختلفا عن عادات وتقاليد شيوخ الطريقة القادرية الوراثية، و ذلك في أصل هذه الطريقة كان يجب ان يعتمد على القدرة و الألتزام باالدين و الفكرة الصوفية، لكن اعتمد على نفس عادات و تقاليد الطريقة القادرية وسلك مسلكهم في تحديد الشيخ. رغم أن كان عندهم الخليفة ذا قدرة وعلم، على الرغم من إن هذه العادة لها الأثر في ابقاء المشيخة في العائلة لفترة زمنية طويلة هذا من ناحية ومن ناحية أخرى كان مصدرا للخلافات بين أبناء الشيخ و لمن يكون له الحق بان يكون شيخا.

**المحور الثالث:** الحديث عن أصل هذه العائلة وبيان التسلسل لأبرز شيوخ نقشبندي هورامان. و الذين قاموا بعمل المشيخة، و توضيح لما لكل شيخ من حياته الدينية و الأجتماعية و دورهم و تأثيرهم على الطريقة و الاشارة الى مستوى نضجهم من الناحية العلمية وعلاقاتهم الاجتماعية والسياسية.


**مفتاح الكلمات:** (الطريقة، الشيخ، الخليفة، الإختلاف، الحجرة والخانقاه)

**Naqshbandi Sheikhs in Hawraman and Halabja province from their formation until 1958**


## Summary:

"Naqshbandi Sheikhs in Hawraman and Halabja province from their formation until 1958" is a historical study of the Naqshbandi Sufi sect and its sheikhs in this particular geographical area, as part of Kurdish religious history in the region.

In general, the research consists of an introduction, three topics, results and list of sources.

First Topic: look at the history of the Naqshbandi sect in the region and how it reached that border, not the Naqshbandi sect in general. Finally, the reasons for its development in this region and its relations with the powers of the time. It starts with Sheikh (Uthman Sirajuddin) as Maulana's first caliph in this region and fulfilling Maulana's duties and instructions.

Second Topic: is to go into the tradition of the Naqshbandi sheikhs of Hawraman, how to transfer the sheikhdom from hand-to-hand within its sect and in the region. It was basically different from the traditional tradition of the Qadiris, because basically this sect should have relied on the ability and commitment of the religious and Sufis of the Caliphs, but they posed the same traditions of the Sheikhs. However, they had many educated and capable caliphs.

This tradition, while on the one hand kept the sheikhdom in this family for a long time, on the other hand



(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

was a source of dispute among the descendants of the sheikh on the issue of succession and position. Third Topic: is to talk about the family origin of this family and a ranking of the most prominent Naqshbandi sheikhs of Hawraman is presented. Those who have embodied the official work of the sheikhs, for each of these sheikhs, their religious and social life, with their role and influence on the sect, with their role and reference to their scientific and social and political relations.

Keywords: (Tariqat, Sheikh, Caliph, Dispute, Hujra and Khanaqa)

## پێشەکی:

تەریقەتی نەقشبەندی بەیەکێك لەتەریقەتە گەورەکانی سۆفیزم دادەنرێت لە جیهانی ئیسلامیدا ، ئەگەرچی لە ڕووی مێژوویەوە سەرهەڵدانی تازەترە لە تەریقەتە سۆفیگەراکانیتر لە چەشنی سوهرە وەردی و قادری..، بەڵام خاوەن مێژوویەکی گەورە و دیاری ناو تەریقەتەکانی دونیایی ئیسلامییە، بەگشتی سەرهەڵدانی زۆر کۆنترە لەو سنورەی توێژینەوەکە دەیەوێت باسی لێوەبکات، بەڵام ئەوەی لەم توێژینەوەیەدا جێگای باسە ئەو بەشەی مێژووەکەیەتی کە تایبەتە بە شێخە نەقشبەندییەکان لە هەورامان و هەڵەبجە، بۆیە نەگەڕاوینەتەوە بۆ مێژووی ئەو تەریقەتە وەك بەشێکی گرنگ لە مێژووی ئایینداری لە جیهانی ئیسلامی، بەڵکو کاری توێژینەوەکە سنووری باشوری ڕۆژهەڵاتی باشوری کوردستانی لە خۆگرتووە. هەرچی گرنگی توێژینەوەکە- یە ئاشنا بوونە بە مێژووی لۆکاڵی ئایینداری ناوچەکە و ئەو کاریگەرییانەی ئەم تەریقەتە و شێخەکانی لەسەر تاك و کۆمەڵگا دروستیانکردووە، لە قۆناغێك لە قۆناغە مێژووییەکاندا، چوونکە گرنگیدان بە مێژووە لۆکاڵییەکان لە دواجاردا دەبنە هەوێنی مێژووی نیشتیمانی و نەتەوەیی هەر گەل و نەتەوەیەك. لەو ڕوانگەشەوە ئەم گرنگی دانەمان بە پێویست زانیووە.

ئامانجی توێژینەوەکە کۆکردنەوەی پێدراوە مێژووییەکانە بە میتۆدێکی زانستیانە و پڕکردنەوەی کەلێنی مێژووی نووسراوی ناوچەکەیە لە ڕوانگەی ئەو بەشە لە مێژوو ئەم تەریقەتە، وەك نمونەیەك لە پەیوەست بوونی ئاینی لە ناوچەکە. کە بەشێکی دانەبڕاوە لە تەریقەتە ئایینییە باوەکانی جیهانی ئیسلامی، ئەویش لە ڕێگەی ووردبوونەوە لە کۆی ئەو سەرچاوانەی زانیاریی لەسەر شێخەکانی هەورامان و جوڵەو بزاوتەکانیان و دەرچوون لە لوغزی سۆز و هەست و گەیشتن بە نیشاندانی زۆرترین ڕاستی مێژوویی.

بەشێکی ئەوڕاستیانەش بەدینایەن تا کار بە میتۆدەکانی نووسینەوەی مێژوو نەکرێت، ئەوەش وایکردووە بۆ دەسکەوتنی ئەنجامێکی زانستی کار بە میتۆدی توێژینەوەی مێژوویی بکەین، بە لێکدانی سەرەچاوەکان، لە ڕوانینێکی ڕەخنەییانەوە، دوور لە لایەنگیری و دژایەتی، لە پێناو پوختکردنەوەی هەندێك لەو زانیارییانەی پێشتر لەو بوارەوە خراونەتە ڕوو.

ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات ئەو پرسیارە بووروژێنێت، ئاخۆ گەشەی ئەم تەریقەتە لەم ناوچە جوگرافییە دیاریکراوەدا پاشان گەشەکردنی بۆ ناوچەکانی دەوروو بەر، بەهۆی خاڵی بوونی ناوچەکە بووە لە تەریقەتەکانیتر یان کاریگەری و گەورەیی شێخە نەقشبەندییەکانی هەورامانی لە پشت بووە. ئەی ڕۆڵی دەسەڵاتدارانی ئەو ڕۆژگارانە لەو ناوەندەدا چی بووە. چۆن ئەم تەریقەتە توانیویەتی ناوچەیەکی سەختی وەك هەورامان بکاتە سەنتەری بڵاو بوونەوەی ئەو جۆرە ئاینداریە بە دەوروبەری خۆیدا.

بەگشتی گرفتە دیارەکانی بەردەم ئەم توێژینەوەیە، کەمی سەرچاوە زانستییەکانی پشتبەست بەمیتۆدەکانی نووسینەوەی مێژووە، لەگەڵ بزربوون و فەوتانی زۆر لە بەڵگەنامەکان و گێڕانەوەکان بەهۆی بارودۆخی ڕاگواستن و کیمیاباران و وێران بوونی ناوچەکە لە قۆناغە جوداکاندا.

## تەوەری یەکەم: تەریقەتی نەقشبەندی لە هەورامان و هەڵەبجە:

بە گشتی، تەکیە و خانەقاکان لە سەدەکانی (١٦و١٧ز) کاریگەری فەرهەنگی و سیاسی خۆیان لەسەر دۆخی دەوڵەتی عوسمانی دانابوو. (زەرگۆن، ٢٠٠٩، ل٢٣٢-٢٣٣) هەڵبەتە دروست نییە، ئەگەر پێمان وا بێ دوو تەریقەتی قادری و نەقشبەندی دەستپێکی سۆفیگەری کوردی بوون. (کۆمەڵێک نووسەر، ٢٠١٣، ل١١٥)، چونکە بەر لە ئەوان چەند تەریقەتێکی تر (شازلییە و نوور بەخشی) لە کوردستاندا هەبوون. شوێنی ئەم تەریقەتانە بە پێی ناوچەکان دابەش ببوون. تەریقەتی نوور بەخشی، وەک لقێک لە تەریقەتی خەڵوەتییە لە ناو بەرزنجییەکاندا هەبووە.تا ئەو کاتەی شێخ ئەحمەدی ئیحسائی دەچێتە بەغداو تەریقەتی قادری وەردەگرێت. (میران، ٢٠٠٠، ل٢٣٠) بەڵام ئەو تەریقەتانەیتر بەدەر لە قادری و نەقشبەندی کاریگەری گەورەیان نەبووە. (کۆمەڵێک نووسەر، ٢٠١٣، ل١١٥)

لەگەڵ کۆتایهاتنی دەسەڵاتی ناوخۆیی میرایەتیە کوردەکان، بۆشاییەکی سیاسی و سایکۆلۆژی گەورە لە باشووری کوردستاندا پەیدا بوو. ئەگەرچی سەرانی تەریقەتە سۆفیگەرییەکان، لە سەردەمی دەسەڵاتداریێتی میرایەتیە کوردییەکانیشدا هەبوون، بەڵام زیاتر پەیام هەڵگری رووە رۆحییەکەی رەوشی خێڵەکی کورد بوون. لەگەڵ نەمانی ئەو دەسەڵاتانەدا، کە بەشێکی گرنگی پەیوەستبوو بەسیاسەتی (تەنزیمات) و بە ناوەندیکردنی دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی، بەرە بەرە تەریقەتە سۆفیگەراکان ئەو بۆشاییە سیاسی و سایکۆلۆژییەی لە ناوچەکەدا دروست ببوو پڕیانکردەوە. (عەلیاوەیی، ٢٠٠٤، ل٣٢) پاش گەڕانەوەی مەولانا لە هیندستان و گەشتنی بە سلێمانی١٢٢٦ک/١٨١١ز کە هاوتابوو بە کۆتا رۆژەکانی سەردەمی خالید پاشای بابان و هاتنە سەرکاری عەبدوڕەحمان پاشا تا ١٢٢٨ک/١٨١٣ز پاشان ماوەیەکی کەم مانەوە لە سلێمانی مەولانا لەسەر خواستی شێخەکەی(شێخ عەبدوڵڵای دەهلەوی) چووە بەغدا پاش مانەوەی پێنج مانگ لە مەزاری شێخی گەیلانیدا، سەرقاڵی وورد بوونەوەی رۆحی یاد و زیکر دەبێت (مودەڕیس، ١٩٧٩، ل٣٣-٣٤) لەوێوە یەکتر ناسینی کرداری مەولانا و عوسمان سیراجەدین دەستپێکرد و پاشان بوویە یەکەم خەلیفەی ئەو شێخە تازەی نەقشبەندی. (الملا، ١٩٧٩، ص٩٧) پاش ئەو ماوەیەلە بەغدا مەولانا دەگەڕێتەوە سلێمانی لە١٢٢٧ک/١٨١٢ز و لەو گەڕانەوەیدا (عوسمان سیراجەدین)ی لەگەڵ دەبێت و مانەوەی دووساڵی ١٢٢٧-١٢٢٨ک/١٨١٢-١٨١٣زسیراجەدین لەگەڵ مەولانا لە سلێمانی و سەرقاڵ بوونی بە تێرامانە سۆفیگەراکان و سەیرو سلوکی سۆفیانە دواجار مۆڵەتنامەی خەلافەتی مەولانا بەدەست دێنێت و دەبێتە یەکەمین خەلیفەی ئەو شێخە نەقشبەندییە. (مودەڕیس، ١٩٨٤، ل ١٣-١٤)

لەگەڵ بوونی هزرە سۆفیگەرییەکە لە هەورامان و هەڵەبجەدا، بەڵام بوونی تەریقەتی نەقشبەندی وەک فاکت و ڕاستییەکی مێژوویی پەیوەستە بە مەولاناوە. (ئاڵگەر، ٢٠٠٩، ل١٠١) هەرچەندە مودەڕیس قۆناغی دەستپێکی ئەو کاروانە بۆ ساڵی (١٨١١ز) دەباتەوە، بە هاتنەوەی مەولانا و چوونی بۆ بەغدا. (مودەڕیس، ١٩٧٩، ل١٢-١٣) لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک سەرچاوەی تر بۆ ساڵی (١٨١٣ز) و ساڵی (١٨١٦ز) دەگێڕنەوە. (هەورامانی، ٢٠١٦، ل٤٣٦) پێچەوانە بە تەریقەتەکانی پێش خۆیان لە کوردستاندا، دوو تەریقەتی قادری و نەقشبەندی بە فراوانی بڵاوبوونەوە. وێڕای ئەو زەبرانەی لە مێژوودا بەریان کەوتووە، تا ئێستاش شوێن پێی خۆیان لە کوردستاندا ماوە. (میران، ٢٠٠٠، ل ٧٣)

لەسەر بنەمای ئەو مەترسیانەیە دەوڵەتی عوسمانی هەوڵیدا چالاکی و بزاوتی خەلیفەکانی مەولانا لە باکوری کودستان سنووردار بکات. بۆیە لە ساڵی ١٨٢٨ز خەلیفەکانی مەولانا و ژمارەیەک لە ڕابەرەکانی لەو بەشەی کوردستان دوور خستەوە. (حکیم، ٢٠٠٥، ص٣٥) هاوتا بەم قۆناغەی لە قاڵبدانی ڕێبازەکە لە بەغدا و ئانادۆڵ، تەریقەتی نەقشبەندی لە باشووری کوردستان، لەسەر دەستی شێخی (سیراجەدین) و خەلیفەکانی تری مەولانا لە گەشەکردندا بوو. (ئەبوو مەننە، ٢٠٠٩، ل١٥ ،٥١) چونکە زۆرینەی کوردەکان موسڵمانی سونني و پەیڕەو کاری ئاینزای شافیعی بوون. مەلا و خوێندەوارە ئایینیەکانی کوردیش بە عەقیدە ئەشعەری و دوو تەریقەتی (قادریی و نەقشبەندی)ش لەوەها دۆخێکدا شوێن پێی خۆیان کردەوە و لە ماوەیەکی کەمدا گەشەیانکرد. (ڕەسووڵ، ١٩٨٥،ل ٥٢) هۆکاری ئەو گەشە کردنەش لە چوارچێوە گشتییەکەی سیاسەتی دەوڵەتدا پەیوەست بوو بە چەند لایەنێکەوە، لە نموونەی بەبەر بەستکردنی ئەو تەریقەتە بۆ گەشە نەکردنی بیری


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

شیعە گەرایی و دژ وەستانەوەی هزری وەهابی و بونیادی هزری سۆفیزمی دەوڵەتی عوسمانی.(محمد، ٢٠١٥ ،www.medaratkurd.co).
هەرچی لێکۆڵینەوەی سۆسیۆلۆجیانەی گەشەی ئەو تەریقەتەیە پەیوەستی دەکاتەوە بە چەند ڕەهەندێکی دیکەوە، کە خۆی لە بۆشایی سیاسی پاش میرایەتییەکان و ستەمی دەسەڵاتی فیودالی کورد و کەسێتی شێخی دامەزرێنەر و بانگەشەی پارێزگاری لە بیر و بڕوا، دژ بە هێزە نا موسڵمانەکان و سروشتی کۆمەڵگای هەورامان و کوردەواری بڕوادار بە ئایین و میتافیزیک بوو. (حەمەساڵح، ٢٠٠٦، ل١٨٦-١٨٧) بێلایەنی شێخەکان لە کێشەکانی نێوان خەڵک و فیوداڵەکان، وای کرد پێگەی سیاسیشیان بۆ دروست بێت. (برونەسن،٢٠١٠، ل٣٣) هەر بۆیە تەریقەتی نەقشبەندی لە ماوەیەکی کورتتدا پەرەی سەند، لە ناوەندێکدا کە تا ئەو دەم تەریقەتی قادری تێیدا، باڵا دەست بوو. (ئەمین، ١٩٩٨، ل١٤٤)

ئەو هۆکارانەی وایانکرد تەریقەتی نەقشبەندی لە کوردستاندا پانتاییەکی زۆر بگرێتەوە، کەسایەتی مەولانا و دونیا بینیە سۆفیگەراکانی بوو، لەگەڵ دیدگای قووڵی بۆ شەریعەت و ڕاهێنانی خەلیفەکانی لەسەر هەمان بابەت. (النقشبەندی، ٢٠٠٦، ص٤٥٥) خەلیفەکانی نەقشبەندی بەوەرگرتنی پێشنیازی ڕاستەوخۆ لە شێخەکانیانەوە لە سەدەی نۆزدەوە بە خێرایی دەسەڵات و پێگەیان زیادیکرد. (مەدەنی، ٢٠١٤، ل١٦٤)
هاوتا بەو باڵا دەست بوونە ڕۆحیی و سیاسییەی شێخەکانی نەقشبەندی و نووسەرانیان زیاتر بایەخیان بە وتار و مەقام نووسی داوە، تا ڕادەیەکی بەرچاو نووسینەوەی ژیانی زانستی و کۆمەڵایەتی و عیرفانی شێخە گەورە و ناودارەکانی خۆیان پشتگوێ خستبوو. ئەنجامی ئەوەش کاتێک دەست بۆ نووسینی ئەو مێژووە دەبەیت، کەمی ژێدەری پێویست بۆ توێژینەوە لەگەڕان بەدوای ڕاستی ئەو قۆناغە دەبێتە گرفت. (هاشمی، ٢٠٠٤، ل٣٠) نەک هەر ئەوەندە، بەڵکوو زۆربەی شێخە دیار و گەورەکانی بنەماڵەی سیراجەدین شاعیر و نامەنووسی چاک بوون، کەچی لەنامە نووسین و بەرهەمەکانیاندا تاکە نووسینێکی گشتگیرمان بەرچاو ناکەوێت لە بارەی لایەنە فەلسەفی و تیۆرییەکانی ڕێبازی نەقشبەندییەوە، بەڵکوو بەشی زۆری وتارەکانیان وەڵامدانەوەی خەلیفە و موریدانیان بووە، یان نامە بوون بۆ هەندێک لە شا و سوڵتانەکانی عوسمانی. (شاکەلی، ٢٠١٩، ل٧٨) ئەمەش وای کردووە نووسینی زانستی لەو بارەوە کەم بێت و مێژوونووس و ڕووناکبیرانی کوردیش نەیان ویستووە لە سەر مێژووی بنەماڵەی شێخان بنووسن. (مامۆستا جەعفەر، ٢٠٠٦، ل٨٤)
دەربارەی ئەوەی مێژووی شێخەکان بۆ نەنووسراوەتەوە، محەممەد ئەمین هەورامانی دەڵێت :"شێخەکان بەتایبەتی نەوەکانیان ئەوانەی لە سنە دادەنیشتن، جگە لەوەی کە زۆر بە ناڕەزایی زانیارییان بەدەستەوە دەدا، بۆ چەندجارێ دەیانهێنا- ین و دەیانبردین، ئەوجا بە چەشنێکی نیوەچڵ هەندێک زانیاری پچڕ پچڕیان دەربارەی خۆیان دەدایێ." (هەورامانی، ٢٠١٦، ل٦٠٠) لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەمەوە کە تەواوی ناوچەکە بە ڕایەڵەیەکی سۆفیگەرییانە تەنرا بوو، بەجۆرێک لە ناوەندی شارەکانەوە بۆ شارۆچکە و گوندەکان، تەکیە و خانەقا کرانەوە. هەریەک لەو دوو ناوەندە دامودەزگای سەر بە تەریقەتەکان بوون. کەوتنە بزاوتن و هاوتا بە ڕووە ڕۆحییەکەی ئیرشاد و ڕێنموونی، کەوتنە ڕۆڵگێڕانی سیاسیی و کۆمەڵایەتی و کلتووریش. ئەوەش بە تەنیا پەیوەست نەبوو بە پێگە و تایبەتمەندێتی ئایینی شێخەکانەوە، بەڵکوو لە ئاکامی بۆشایی سیاسییەوە هاتە بوون. بەهۆی نەبوونی سەرکردەیەکی دونیایی، کە بتوانێت ئەو بۆشاییە پڕبکاتەوە، بۆیە ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی ڕوویان لە شێخەکان کرد و کردنیان بە ڕێبەری ئایینی و دونیایی خۆیان. (کەریم، ٢٠١٩، ل٥٥) لەوکاتەشدا، دەسەڵاتی عوسمانی لاواز ببوو.

دەستوەردانەکانی دونیای مەسیحی لە ناوچەکە، بەتایبەتی ناردنی نێردە و موژدەدەرەکان بۆ بڵاوکردنەوەی ئایینی مەسیحی، وایکرد پێگە و دەسەڵاتی شێخەکان لەناو کۆمەڵگادا باڵاتر بێت، چونکە ئەرکی دژبەری ئەو هەوڵانەیان لەئەستۆگرتبوو. (مەدەنی، ٢٠١٤، ل١٦٤) بەتایبەت لە پاش دەرکەوتنی مەولانا و هەوڵە چاکسازییەکانی لەناو تەریقەتی سۆفیگەری نەقشبەندیدا کە ڕۆڵێکی گەورەی لە دەسەڵاتی شێخەکاندا بینی، چونکە بەر لە مەولانا ئەو جۆرە دینداریە باوەی لە بەرگی سۆفیزمدا بوو، ڕووبەڕووی جۆرێک لە قەیران ببوویەوە. (ڕووف، ٢٠١٢، ل٤٥١) ،بەڵام عیرفانی نەقشبەندی بە بۆنەی مەولاناوە تایبەتمەندییەکی کوردی بە ڕێبازەکە بەخشی بوو. (کۆمەڵێک نووسەر، ٢٠١٣، ل١٠٦) بەر لە مەولانا ئەو ڕێبازە لە ناوچەکە لە ئاست پێویستییەکانی سەردەمدا نەبوو، تەریقەتە سۆفیگەرییەکان لەڕووی تێرکردنی

گیان(رۆح)ەوە، جەوهەری خۆیان لەدەست دابوو. وایلێهاتبوو زانا ئایینییەکان و ڕێبازە سۆفیگەرییەکان ببوونە بەشێک لەو هێزە نیمچە دەرەبەگانەی خاوەن دەسەڵاتی ناوچەکە بوون، لە بەرامبەر ستەمکاری ئەو دەسەڵاتدارانە بێدەنگ بوون. (ڕووف، ٢٠١٢، ل٤٥١) یان ڕاستتر نەیاندەویست بە دەنگ بێن، چونکە بە هاوکاری دەسەڵاتی دونیایی، و پاراستنی بەرژەوەندی خێزانی بنەماڵەکانیان، خۆیان بەشێک بوون لەو ستەمکارییە. تەنیا لەڕووی بانگەشەوە پەیوەست بوون بە زوهد و سۆفیزمی ئیسلامییەوە، ئەگەرنا لە بنەڕەتی سۆفیزم لایان دابوو. بۆیە نەقشبەندییەکان، لە سەرەتای دەرکەوتنی ڕێبازەکەوە، دژبەری خۆیان بۆ ئەو جۆرە لە سۆفیزمی دەسەڵاتی ڕاگەیاند. (النقشبەندی، ٢٠٠٦، ل٤٥١) ئەوەش وا دەکات لەپاش دەرکەوتنی مەولانا خالید تەریقەتی نەقشبەندی لە کوردستان برەو بستێنێت، بەرادەیەک سەرکردە سیاسییەکان و زانایانی ئایینی و مامۆستایان، بۆ وەرگرتنی ڕێگای تەریقەت ڕوویان دەکردە ئاستانەی مەولانا. بەم شێوەیە هزری عیرفانی نەقشبەندی لە کوردستان سەقامگیر دەبێت و ڕێگا سازدەکات بۆ بنەماڵەی شێخانی نەقشبەندی هەورامان. (پور، ٢٠٠٩، ل٧١) دژبەری مەولانا بۆ سۆفیزمی دەسەڵاتی و بەدەمە چوونی سیاسیەکان بۆ ڕووکردنە ئاستانەی مەولانا لەشکڵدا پێچەوانەی یەکترە، بەڵام دەکرێت پەیوەندی بەو هەژموونە زۆرەی مەولاناوە هەبێت لەوکاتەدا لەسەر تاك و کومەڵگا، کە هەمیشە سیاسیەکان بەدوای هەر هۆکارێکەوەن تا بتوانن زۆرترین دەسکەوت بەقازانجی خۆیان کۆکەنەوە، نزیك بوونەوەش لە مەولانا لەو ڕۆژگارەدا یەکێك لەو هۆکارانە بوو.

بەهۆی ناکۆکییە سیاسییەکانی نێوان میرەکانی بابان(خالید پاشا و عەبدوڕەحمان پاشا) و دژبەری بەرەی نەیاری مەولانا بە قسەو کردار دژ بەمەولاناو هەوڵە نوێکانی مەولانا بۆ جاری دووەم سلێمانی بەجێدێڵێت تا سالانی (١٢٣١-١٢٣٢ك/١٨١٦-١٨١٧ز)لە بەغدا مایەوە، پاش ئەوە لە سەر خواست و داوای مەحمود پاشای بابان ١٨١٣-١٨٤١ز گەڕایەوە سلێمانی و خزمەتی زۆریکرا لە دروستکردنی خانەقای مەولانا و وەقفکردنی هەندێك گوندی وەك(کەماڵان) و زەوی کشتوکاڵی بۆ بەڕێوەچوونی کاروباری خانەقا (مودەڕیس، ١٩٧٩، ل٣٩) عوسمان سیراجەدین لە گەڕانەوەی دووەم جاری مەولانادا هاوڵی مەولانا بووە. بۆیە لەلایەن مەحمود پاشای بابانەوە ڕێزێکی زۆری گیراوە، تەنانەت زۆرجار لە مزگەوتی تایبەتی میر و ماڵی میردا پێشنوێژی کردووە.( مودەڕیس، ١٩٨٤،ل ١٥) پاش شەش ساڵ مانەوەی مەولانا لەسلێمانی و دوای قوڵبوونەوەی ناکۆکی لەگەڵ شێخە قادرییەکان دواجار مەولانا لە ١٢٣٦ك/١٨٢٠ز بەیەکجاری سلێمانی بەجێدێڵێت وەك چۆن لە پێش کۆچی یەکجاری مەولانا بۆ بەغدا، شێخی سیراجەدین لەلایەن مەولاناوە سەرپەرشتی خانەقای مەولانا و تەواوی کاروبارەکانی خرابووە ئەستۆ و فەرمانی پێکردبوو بەیانیان و عەسرانی هەموو ڕۆژێك لە بری ئەو ڕێو ڕەسمی خەتمە و ئادابی و ڕێنمونی موریدان بەڕێوە ببات. لە پاش کۆچیش هەر لەسەر خواستی مەولانا شێخ عوسمان سیراجەدین دەچێتەوە هەورامانی زێدی خۆی بەمەبەستی بڵاوکردنەوەی تەریقەتەکە لەو ناوچەیە و سەرقاڵی ئیرشادو ڕێنمونی تەریقەتی نەقشبەندی دەبێت. وەزیری، ٢٠٢٠، ل٢٤٦)

بەگەڕانەوەی شێخی سیراجەدین لە سلێمانیەوە بۆ تەوێڵە حوجرەکەی مەلا (نەزیر) لە یەککاتدا (مزگەوت، قوتابخانە، خانەقا و چلەخانە) ش بووە، ئەوەی دواییان وەك شوێنێك بۆ ئەنجامدانی کاری پەرستشی تەنهایی بۆ ماوەی چل ڕۆژ، ئەو کارەی کەلە ئەدەبیاتی سۆفیزمدا بە چلەکێشان دەناسرێت. بەوشێوەیە و لەم قۆناغەدا تەوێڵە کرا بە ناوەندی بڵاوکردنەوەی تەریقەتی نەقشبەندی لەلایەن شێخانی هەورامانەوە. (محەممەد، ٢٠٠٥، ل٥٤) شێخایەتی لە هەوراماندا بەر لەوەی مەولانا وڵات جێبهێڵێت دەستپێکردبوو، چونکە شێخی سیراجەدین وەک خەلیفەی مەولانا سەردانی شاری سنە و ناوچەکانی دەکرد، بۆ بڵاوکردنەوەی تەریقەتەکە. لە پاش مەولانا شێخی سیراجەدین، دووەم کەسایەتی نەقشبەندییە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، لە هەوڵی بڵاوکردنەوەی تەریقەتەکەدا بووبێت. ئەم سەردانەی شێخی ناوبراو بۆ سنە لەکاتێکدا بوو، شێخ قەسیمی سنەیی ناوی تەواوی محەممەد قەسیم کوڕی ئەحمەد کوڕی مەحمود کوڕی مەلا گوشایش و لەنەوەی شێخ محەممەدی مەردۆخە لە ١١٤٣ك/١٧٣٠ز- ١٢٣٤ك/١٨١٨ز لە شاری سنە و لە خێزانێکی خاوەن پێگەی ئاینی لە دایك بووە. زۆر شوێن بۆ فێربوونی زانست گەڕاوە و لە دیمەشق مۆڵەتنامەی زانستی ئاینی وەرگرتووە، لەسەر دەستی شێخ ئەحمەد کوڕی شێخ عوبەیدی عەتتار، پاش ئەوە گەڕاوەتەوە سنە و دەستی بەکاری زانست گووتنەوە کردووە، مەولانا خالید لەسەردەستی ئەم مامۆستایە مۆڵەتنامەی زانستی شەرعی وەرگرتووە. پاش گەڕانەوەی مەولانا لە هندستان و بەخاکی ئێراندا ئەم مامۆستایەی مەولانا بڕوا بەمەولانا دێنێت وەك شێخی

تەریقەت و دەبێتە پەیڕەوکاری تەریقەتی نەقشبەندی لە شاری سنە. (مدرس، ٢٠١٤، ل٤٤٧-٤٤٨) بەڵام بەهۆی زۆری تەمەنی سنەیی، شێخی سیراجەدین کاری بۆ بڵاوکردنەوەی تەریقەتەکە دەکرد لەو ناوچەیە. بەو هۆیەشەوە چەند کەسایەتییەک لەسەر دەستی سیراجەدین چوونەتە ناو تەریقەتەکەوە. وەک شێخ شوکروڵلای سنەیی- مەلا محەمەد باقر. (مودەڕیس، ١٩٨٣، ل١٦) لە پاش مەولانا لەگەڵ هەموو پەرەسەندنەکانی ڕێبازەکە، زۆرتر ناوی شێخانی نەقشبەندی هەورامان دێت. ئەوان وەک مەڵبەندی هەمیشەیی و سەرەکی ئەو ڕەوتە دیار بوون. (کۆمەڵێک نووسەر، ٢٠١٣، ل١٠٦) ئەوەی تێبینی دەکرێت هەوڵەکانی مەولانا کە لە بنەڕەتدا بۆ ڕاستکردنەوەی باری لاری سۆفیزم بوو بەدەست شێخی تەریقەتەکانەوە، کەچی لە کەمترین ماوەدا لە پاش مەولانا ئەو دۆخە لەناو تەریقەتی نەقشبەندیدا دروست دەبێتەوە، چونکە لە بنەماکانی شێخایەتی تەریقەتی نەقشبەندی، جوودا لە قادرییەکان خەلیفەکانی شێخ دەیانتوانی بەو متمانەیەی هەیانە لای مورشیدەکەیانەوە ببن بە شێخ. (ماکداول، ٢٠٠٥، ل٩٤) هەر ئەوەشە وایکردبوو مەولانا بە خواستی خۆی دەسەڵات ببەخشێتە شێخ عوسمانی سیراجەدین، بۆ ڕابەرایەتیکردنی تەریقەتەکەی. (لە بڵاوکراوەکانی دیداری جیهانی مەولانا خالید، ٢٠٠٩، ل١٠٠) ئەوەش بەهۆی ئاشنایەتی مەولانا بە کەسێتی شێخ عوسمان، کە لە قۆناغی فەقێیەتیدا یەکتریان ناسیوە. (صابر، ٢٠١٩: ل١٨١) هەرچەندە مودەڕیس لە زمانی ئیبراهیم فصیح حەیدەرییەوە دەڵێت: "من بۆم ساغ نەبووەتەوە ئاخۆ شێخی سیراجەدین یان شێخ عوبەیدوڵلای حەیدەری موفتی بەغدا یەکەمین خەلیفەی مەولانا بوون، چونکە ناوبرا و هەردووکیان بە یەکەم دادەنێت، ئەو لە بەغداو ئەمیش لە کوردستان، وێڕای جیاوازی شوێنی جوگرافییان." (ئاوایی، ٢٠١٨، ل١٢٢-١٢٣)

لە ناو ڕەچەڵەکە دیارەکانی تەریقەتی نەقشبەندی-خالیدی بنەماڵەی سیراجەدینی تەوێڵە کە پێشتر ئاغا بوون لە ناوچەکە و کاریی شێخایەتیان لە سیراجەدینەوە دەستپێدەکات، جێگای ڕێز بوون. ئەوەش پەیوەندی بە نزیکایەتی و بڕوا بەیەکبوونی مەولانا و شێخی سیراجەدینەوە هەبوو. (Chodkiewic ,2007، p.102) بەهۆی گۆڕانکارییەکان و جێهێشتنی سلێمانی لەلایەن مەولاناوە شێخ عەبدوڵلای هیراتی بە سەرپەرشتیاری خانەقای مەولانا لە سلێمانی دانرا، لەسەردەمی مەحمود پاشای باباندا ١٨١٣-١٨٤١، شێخی هیراتی بەردەوام دەبێت لە سەرپەرشتی خانەقای مەولانا لە سلێمانی تا ساڵی مردنی مەولانا لە ١٢٤٢ك/١٨٢٦ز (بەرزنجی، ٢٠٠٢، ل١٤٥-١٤٦) پاش مردنی مەولانا شێخی هیراتی بەرەو شام چوو بە مەبەستی شوێنگرتنەوەی مەولانا شێخ مەحمود ساحیبی برای مەولاناش بەدوایدا ڕۆشت. بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە لە خانەقای مەولانا لە سلێمانی لە شامەوە شێخ ئەحمەدی هەولێریان ناردەوە، (هاشمی، ٢٠٠٤، ل١٣٠). بەهۆی ئەوەی شێخی هەولێری لە توانای سەرپەرشتیکردنی خانەقا و کۆڕی زیکردا کەم توانا بوو، لەلایەك لەلایەکیترەوە زۆر پێش ئەو قۆناغە مەولانا بە مورید و مەنسوبانی ڕاگەیاندبوو کە بۆکاروباری ئیرشاد و سەیرو سلوکی تەریقەت، شێخ عوسمانی لە جێی خۆی داناوە و پێویستە هەموان لێی بەهرەمەند بن. (وەزیری، ٢٠٢٠، ل٢٤٦) ئەم داخوازییەی مەولانا ئەگەرچی شێخی سیراجەدین لە سلێمانیدا نەمابوو گەڕابوویەوە هەورامان لەسەر خواستی شێخەکەی بەڵام هێشتا کاریگەری لەسەر خەڵکی هەبوو، بۆیە خانەقای مەولانا لە سلێمانی وەك جاران بە جێگیری نەمایەوە، خەڵکێک لە سلێمانی لە بری ئەوەی لە شێخی هەولێری تەریقەت وەربگرن، چونکە ناوبراو سەرپەرشتیاری فەرمی خانەقای مەولانا بوو لە شارێکی گەورەی وەك سلێمانی، بەڵام لە هەورامان و لە شێخی سیراجەدینیان وەردەگرت. بەو هۆیەشەوە شێخ عوسمان سیراجەدین لە ڕێگەی دوو لە موریدانیەوە(شێخ لوتفوڵلا و مەلا عوسمانی باڵخی) هەوڵی سەرپەرشتی خەتم و کۆڕی زیکری نەقشبەندیان لە خانەقای مەولانا دەدات لە سلێمانی، ئەو دۆخەش لای شێخ ئەحمەدی هەولێری قبوڵ نەکراو بوو، بۆیە ڕێی لێگرتن و ئەوهەنگاوەشی بە دژایەتی سەیر کردوە. ناچار ئەوانیش چوونە خانەقای (مەلا عوسمان) و هێدی هێدی دەوریان قەرەباڵغ بوو، پێچەوانەی شێخی هەولێری کە تا دەهات دەوروبەری چۆڵ دەبوو، ئەم ڕووداوە لەسەردەمی میر سلێمان پاشای باباندا ١٨٢٨- ١٨٣٨ز ڕوویدا (هاشمی، ٢٠٠٤، ل ١٣٠-١٣٢)

ئەم هەوڵەی شێخی (سیراجەدین) هەروا بە سانایی تێپەڕ نەبووە. بەڵکوو دژبەری زۆریشی بۆ پەیدا بوو، وەک چۆن مەولانا دژایەتیکرا، بەڵام جیاواز لە مەولانا، ئەم لە ناو خەلیفەکانی خودی نەقشبەندیدا دژایەتی دەکرا. نمونەی ئەو دژایەتیانە لە ڕووداوەکانی پاش مەرگی

مەولاناوە دەرکەوتن، چونکە بە و نزیکایەتییەی نێوان مەولانا و شێخی سیراجەدین، وەک ئەوەی یەکەم خەلیفەی ئەو شێخەش بووە، دەبوو بەلای کەمەوە ناوی لە لیستی ئەو کەسانەدا بێت کە مەولانا لە دیمەشق بۆ جێگرەوەی خۆی داینابوون، یان سەرپەرشتی خانەقای سلێمانی پێبدرایە، بەڵام پێدەچێت ناو نەبردنی سیراجەدین وەك ئەو چەندکەسایەتیەی ناویان هاتبوو بۆ جێگرتنەوەی خودی مەولانا بۆ ئەوە بێت بڵاوکردنەوەی تەریقەتەکەی لە سنوور وزێدی خۆی پێ سپارد بێت. بۆیە لە بری ئەو شێخ (عەبدوڵلا) ی هیراتی لە سلێمانییەوە ڕادەسپێرێت، بچێتە شام بۆ جێگرتنەوەی مەولانا (صابر، ٢٠١٩، ل١٧٠).

لەو جووڵە و بزاوتنەی خەلیفە و سەرپەرشتیارانی نوێی تەریقەتی نەقشبەندی هەست بە جۆرێک لە هەوڵی پەراوێز خستن و گرنگی پێنەدانی شێخی سیراجەدین کراوە. بە چەشنێک لە پاش ئەو ڕووداوانە ناوچەی هەورامان دەبێتە ناوەندی سەرەکی بۆکار و چالاکییەکانی ئەم شێخە و لە سەنتەری شارەکان دوور دەخرێتەوە.

پاش ئەو ڕووداوانە زۆری پێناچێت سلێمان پاشا لە ١٢٥٤ك/١٨٣٨ز کۆچی دوایدەکات و ئەحمەد پاشا ١٨٠٠-١٨٧٥ز وەك کوڕە گەورەی میری کۆچکردوو دەسەڵات وەردەگرێت لە ماوەی(١٨٣٨-١٨٤٧ز) ئەو دۆخەش شێخی هەولێری ناچار بە سکاڵا دەکات لای میر ئەحمەد (مودەڕیس، ١٩٨٣، ل١٨)

چونکە لەنەریتی نەقشبەندییەکاندا، شێخی سەردەم لەناو خەلیفەکانیدا، تەنیا یەک کەس بە جێگر دەزانێت بەتایبەتی لەو شوێنانەی کە دوورە لە شوێنی نیشتەجێبوونی شێخەوە. دەبێت سەرجەم خەلیفەکانیتر گوێڕایەڵی بن. (ئایدن، ٢٠٠٩، ل٣٦٣) بەهۆی سکالای بەرامبەر و دەرکەوتنی ناکۆکییەکانی هەردوولا ئەحمەد پاشا نامەیەکی لەو بارەیەوە بۆ شێخی سیراجەدین نارد و وەڵامی سیراجەدین بۆ نامەکەی ئەحمەد پاشا بە جۆرێک بوو، ئەو کێشەیەی بە قازانجی خۆی کۆتایی پێهێنا. لە هەمان کاتیشدا دەستبەرداری ئەو هەوڵەش نەبوو، کە پاشای بابان بە سەرپێچی لە ڕێنماییەکانی مەولانای زانیبوو. ئەگەرچی شێخ دانی بەوەدا نابوو، کە لە کاری خێردا گوێڕایەڵی بە فەرمانی دەسەڵاتدارانەوە پێویستە، بە مەرجێک پێچەوانەی شەریعەت نەبێت. بڕوای وابوو دەبێت بە ویژدانەوە ڕەفتار بکرێت و بە میری ڕاگەیاندبوو: " لە هیچ شەریعەت و میللەتێکدا نەبووە، ڕێگە بە خەڵک نەدرێت بۆ ئەنجامدانی کاری خێر و ڕێگرتن لە کاری خراپ. ئەو ئەرکەش تایبەت بکرێت بە تەنیا کەسێکەوە. بۆیە خوا نەخواستە ناکرێت حەزرەتی مەولانا بە پێچەوانەی شەرعەوە کارێکی ئەنجام دابێت و وەهای گوتبێت، چونکە ئەو زاتە سەرتاپای شەریعەت بوو. وەکوو دەروێشە نەزانەکان نەبوو، بە جیاوازی لە نێوان شەریعەت و تەریقەتدا قایل نەدەبوو." (هاشمی، ٢٠٠٤، ل١٣٤) لەپاش ئەو وەڵامە، و سەرپشککردنی میری بابان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە میر بڕیاریدا بەگواستنەوەی شێخی سیراجەدین لە هەورامانەوە بۆ سەرپەرشتیکردنی خانەقای مەولانا لە سلێمانی و گواستنەوەی شێخ ئەحمەدی هەولێری بۆ قەرەداغ. (مودەڕیس، ١٩٨٣، ل١٨-١٩)

لەوە بەدوا شێخی سیراجەدین ماوەی دوو ساڵ سەرپەرشتی خانەقای مەولانای کرد لە سلێمانی. لەگەڵ ئەوەشدا لە هەورامان دانابرێت و لە وێش کار بۆ بڵاوکردنەوەی ئەو تەریقەتە دەکات (شاکەلی، ٢٠٠٠، ل٢٥٨) ئەو ڕووداوەش بەڵگەیەکی ڕوونی دابەش بوونی پیاوانی ئایینی نەقشبەندی بوو، بە سەر دوو بەرەی سیاسی دا، (محەممەد، ٢٠١٣، ل٩٢) چونکە تا دەمێک ئەحمەد پاشای بابان لە سلێمانی بوو شێخی سیراجەدین بە پاڵپشتی سیاسی ئەو میرە پێگەکەی جێگیر و کاری بە باشی لە بەر دەڕۆیشت، بەڵام لە پاش سیاسەتی دەوڵەتی عوسمانی لە ڕێگەی (نەجیب پاشا ١٨٤٢-١٨٤٧ز) ی والی بەغدا، میری بابان (ئەحمەد پاشا) بانگهێشتکرا بە مەبەستی کۆتاییهێنان بە میرایەتی بابان و دانانی (عەبدوڵلا پاشا) ی برای لە ١٨٤٥ز بە قایمقامی شاری سلێمانی (الوائلی، ٢٠٠٨، ل٢٦١) لەوە بە دوا دۆخەکە بۆ شێخی سیراجەدین پێچەوانە بوویەوە، شێخ ئەحمەدی هەولێری ئەو هەلەی قۆستەوە و بە بیانووی هاتووچۆی شێخی سیراجەدین لە نێوان هەورامان و سلێمانی و جێهێشتنی ئەرکەکە بۆ خەڵکی تر، پاشان بەخشینی مۆڵەتنامەی خەلافەت بە موریدانی تەریقەت لە ماوەیەکی کەمدا لەلای عەبدوڵلا پاشی فەرمانڕەوای سلێمانی و برای ئەحمەد پاشا کار لەسەر دوور خستنەوەی شێخی (سیراجەدین) دەکات و بەو هۆیەوە دوور خرایەوە. (هاشمی، ٢٠٠٤، ل١٣٥) .

لەوە و پاش لقی سەرەکی تەریقەتی نەقشبەندی لە ناوچەکە، بە شێخە نەقشبەندییەکانی هەورامان پێناسە دەکرێت. (مننە و زارگۆن، ٢٠٠٩، ل٢٢) لە کاتێکدا خەلیفەکانی تری مەولانا لە باشووری کوردستان هەوڵی بڵاوکردنەوەی ئەو تەریقەتەیان داوە، هاوشێوە بەشێخی سیراجەدین، شێخ تاهیر نەقشبەندی لە بامەڕنی و شێخ تاجەدین لە بارزان (کەریم، ٢٠١٩،ل٦١) ئەو هەوڵانەش قورساییەکی بەناوچەکە بەخشیبوو، بەجۆرێك بەهۆی تەریقەتی نەقشبەندییەوە کوردستان لە قۆناغێکدا ببووە ناوەندی تەریقەتی نەقشبەندی لەتەواوی وڵاتانی هەرێمی و دەرەوەش بە ژمارەیەکی زۆر خەڵک ڕوویان لێناوە. لەبری پاشکۆ بوون بوونەتە سەرقافڵەی ڕەوتی نوێ لە بیرکردنەوە سۆفیزمییەکان و ئاراستەکردنی ئاییندارى لەو قۆناغانەدا. (تەها، ٢٠١٨، ل١٠) بەوەش بنەماڵەی سیراجەدین کاریگەرترین و بەرچاوترین نوێنەرانی لقی (خالیدیە) بوون لە کوردستان و لە هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. (شاکەلی، ٢٠١٩، ل٦٩) دەکرێت بڵێین شێخی سیراجەدین لە هەورامان و هەڵەبجە، پاش وەرگرتنی مۆڵەتی خەلافەت لە مەولانا و جێهێشتنی وولات لەلایەن مەولاناوە سەرچاوەی سەرەکی بڵاوکردنەوەی تەریقەتی نەقشبەندی بووە لەو سنوورە (اوزدالگا، ١٣٨٩، ص١٥٩)

بەو جۆرە سەرەتای کاری شێخایەتی نەقشبەندی وەک تەریقەتێکی سۆفیگەری لە هەورامانەوە لە ناو بنەماڵەی شێخی سیراجەدین و نەوەکانیدا دەستپێدەکات، بە گشتی لەو ماوەیەدا هەشت کەس، لەوانە بوونەتە شێخی تەریقەتی نەقشبەندی و کاری فەرمی شێخایەتیان کردووە. و نازناوی (شێخ)یان پشتا و پشت بۆ مابویەوە. کوڕانی شێخ هەوڵیان دەدا لە ناوبانگی شێخی باوکیان سوود وەربگرن و گەشەی زیاتر بەو ناوبانگە بدەن، چونکە شێخەکان بەو ناوبانگ و نازناوە بە دەسەڵات تر و دەوڵەمەند تر دەبوون. (شقیلی، ٢٠٠٨، ل٥٨) بەڵام ئەم هەوڵانە لەسەر دەستی شێخ عوسمان سیراجەدینی دووەم کۆتایی پێ دێت.

## تەوەری دووەم: شێخایەتی بۆ ماوەیی لە هەورامان:

بەر لە تەریقەتی نەقشبەندی هەموو تەریقەتەکانی دیکە لە کوردستاندا شێخایەتیان پشتاوپشت بووە، نەک ئەوەی لەسەردەمی نەقشبەندییەوە ئەو هەوڵە دروستبووبێت. واتە بەگشتی لە کوردستاندا ویستێک بۆ بە بنەماڵەیی کردنی شێخایەتی هەبووە. (برونسین،٢٠١٣/٦/١، www.medaratkurd.com) سەرباری ئەوەی شێخی سیراجەدین هەوڵی زۆری داوە بۆ بڵاوکردنەوەی تەریقەتی نەقشبەندی، بەڵام وەک یەکەمینی ئەو شێخانەی کە شێخایەتی لە نەقشبەندیدا لە ناوچەکە کردووە بە پشتاوپشت قسەی لەسەر دەکرێت، ئەمەش هاوشێوەی نەریتی قادرییەکانە.(ئەڵگەر، ٢٠٠٩، ل١٠١). ئەگەرچی لە بەرامبەر ئەم بۆ چوونەی ئالگەردا، کە پێی وایە شێخی سیراجەدین هاوشێوە بە قادرییەکان شێخایەتی لە خێزانەکەیدا کردووە بە پشتاوپشت، بۆچوونی پێچەوانە هەیە. پێی وایە شێخی ناوبراو مۆڵەتنامەی خەلافەتی بۆ دوو لە کوڕەکانی نووسیوە! وەک هەموو خەلیفەکانی تری خۆی بۆی نوسیوون، هیچ بەڵگەیەکی نووسراوی تایبەت بەردەست نیيە بیسەلمێنێت، شێخی سیراجەدین ویستبێتی یان گوتبێتی، لەپاش مردنی تەنها کوڕەکانی ببنە شوێنگرەوەی، ئەوەش کە بووە لەلایەن کۆی خەلیفەکانی ترەوە، وەک ئەدەب نواندنێک بۆ شێخی تەریقەتیان کوڕەکەیان لە شوێنی داناوەتەوە. ئەگەرنا، هیچ شتێکی تایبەتی بۆ ئەو کوڕانەی نەبووە و نەنووسیوە، بەڵکوو ئەم نەریتی بۆماوەییە بە فەرمی لە سەردەمی شێخ عومەر زیائەدینەوە دەستپێدەکات و لە پاش ئەویش لە لایەن شێخ عەلائەدینەوە دەچەسپێنرێت. (نەقشبەندی، ٢٠٢٢/٧/٣، کاتژمێر ٠٩: ١٠)

بەڵام لە ڕووی کردارییەوە ئەم نەریتە لە سیراجەدینەوە سەرچاوە دەگرێت، لەکاتێکدا چەندین خەلیفەی پێگەیشتووی هەبووە، کەچی ئاراستە و ڕێنموونی شوێنکەوتووانی کردووە پابەند بن بە گوێڕایەڵی کوڕە جێگرەکانییەوە، بەم جۆرە ئەم سیاسەت و ئاراستەیە تەمەنێکی زۆر بەردەوام بوو. (محەمەد، ٢٠٠٥، ل٥٦٣)

هەریەک لە تەریقەتەکانی قادری و نەقشبەندی کە بەهۆی ئاینەوە هاتوونەتە ناوەوە، بۆ ڕێککردنەوەی تاقم و دەستەی ئایینی بووە لەنێو سیستەمە کۆمەڵایەتییەکەدا. دواجار ئەمانە سەرچاوەکانی بەرهەمهێنانیان وەک زەویی و باخ و ئاو لەگەڵیشیدا جومگەکانی دەسەڵات و مەعریفەشیان قۆرخ کردبوو، بەجۆرێک ئەو خاوەندارێتییە لە خۆیانەوە بێ گۆڕانکاری بۆ نەوەکانیان دەگوازرایەوە، واتە هاوشێوە بە

سیستەمە خێڵایەتییەکە چۆن بەگزادەکان کوڕەکانیان دەبوونەوە بە بەگ، شێخەکانیش هەمان ڕێچکەیان گرتەبەر و کوڕەکانیان لە پاش خۆیان دەبوونەوە بە شێخ. نەک هەر ئەوەندە، بەڵکوو لە حاڵی ژیان و ئامادەیی شێخی باوکدا وەکالەتنامەی شێخ بوون بە کوڕ و نەوەکانی دەدرا و هزری خەڵک و دەوروبەری بۆ ئامادە دەکرا. (زەڵمی، ٢٠٢٠، ل٢٢١) ئەم حاڵەتە نە لە کردار و نە لە گوتاری مەولانادا نەبیستراوە، هەرچەندە بە بڕوای (نووری فارس حەمەخان) ئەگەر مەولاناش نەوەیەکی پێگەیشتووی هەبووایە و بەو زوویە ژیانئاوایی نەکردایە، ئەو شوێنگرتنەوەیە بۆ کوڕەکەی خۆی دەبوو. (حەمەخان، ٢٠٢٢/٥/١٧، کاتژمێر ٤:٤٨) هەر لەم میانەیەشدا، شێخی سیراجەدین مۆڵەتنامەی شێخایەتی بە دوو لە کوڕەدانی داوە، کە شێخ عەبدوڕەحمان و شێخ محەممەد بەهائەدین بوون.(مودەڕیس، ١٩٨٣، ل٧٦) بەم هەنگاوەش نەریتی شوێنگرتنەوەی شێخایەتی لە باوکەوە بۆ کوڕ پشتڕاست کردەوە. (Chodkiewic،١٠٢.p ,٢٠٠٧).

دەکرێت هەوڵێکی لەو جۆرە چەند خوێندنەوەیەک لەخۆبگرێت، بەشێکی بۆ کۆنترۆڵکردنی زۆرترین ڕووبەر لەڕووی هەژموونی ئایینی خێزانییەوە، یان بۆ ڕێگری لە ناکۆکی لەسەر پێگە و شێخایەتی بووە، چونکە لە مەجرای ڕووداوەکانی دوای سیراجەدین دا ئەو ناکۆکیانە بە ئاشکرا بینران. سەرچاوەی هێزی شێخەکان و نەوەکانیان لەو ڕۆڵ بینینە ناوەندگیریانەوە بوو کە لە نێوان خەڵکی گوندی و حکومەت و لایەنە دژبەرە ناوخۆییەکان لەسەر دەسەڵات دەیان بینی. (برونسين،١٥-١٧/اغسطس/١٩٨٦م، www.medaratkurd.com) ئەم گرنگی پێدانەی شێخی سیراجەدین بە محەممەد بەهائەدینی کوڕی لەکاتی بوونی خۆیدا و بەخشینی مۆڵەتی ئیرشاد (هەورامانی، ٢٠١٦، ل ٢٤١) و پێسپاردنی هەردوو کوڕەکانی تری (عەبدو ڕەحمان ئەبوول وەفا و عومەر زیائەدین) بەر لە مردنی باوکیان ئاماژەی کرداری جێنشینی ناوبراو بوون. (مودەڕیس، ١٩٨٣، ل٧٦) ئەم هەوڵەی شێخ دەچێتە خانەی بەخشینی پیرۆزێتی بە کوڕەکەی، تا ڕێگای بۆ خۆش بکات لە چاوی کەسانی دەوروبەر و خەلیفە و موریدانیدا وەک شێخی ئایندە بیچەسپێنێت. بەوپێیەی کە شێخی تەریقەتە و لە ڕووی مەعنەوییەوە ئەو باشتر دەزانێت کێ شایستەیی بۆ ئەو کارە هەیە. واتە جۆرێکە لە گەمەی سیاسی بۆ جێگرتنەوەی خێزانی، لە پێگەیەکی ئایینیدا. وەک لە ڕووداوەکانی دواتردا دەردەکەوێت.

ئەم هەوڵەی شێخی دامەزرێنەر سەرەتای ناکۆکییەکی خێزانییە، هاوتەریب بە تەمەنی شێخایەتی لەو خێزانەدا درێژ دەبێتەوە، بە چەشنێک لە پاش ناکۆکی سانەکان ناکۆکییەکانی ناو کوڕ و نەوەکانی شێخ پلەی دووەمی وەرگرتووە. بەڵام جیاواز لە ناکۆکی سانەکان ئەمان بەبێ خوێنڕشتن لە کێبڕکێدا بوون. (محەممەد، ٢٠٠٥، ل١٦١) هەرچی واتای وشەی (سان)ە بنەڕەتێکی عەرەبی هەیە، و لە (سلطان) ەوە وەرگیراوە. گوایە نازناوەکە لەلایەن شاکانی سەفەوییەوە دراوە بە فەرمانڕەوایانی ناوچەیی لە هەورامان، بۆ کەمکردنەوە و سووکایەتیکردن بە پێگەی سوڵتانی عوسمانی. هەندێکیتر پێیان وایە لە وشەی (شاە یان شێخ) ی عەرەبییەوە هاتووە و پاشان بە گۆڕانکاری کراوە بە سان، بەڵام (محمد ئەمین هەورامانی) پێی وایە لە وشەی (ساتراپ) ی میدیاوە هاتووە، کە بەواتای حاکمی ناوچەیی دێت. دیارترین سانەکانیش (هەسەن سان و عەباس قولی سان و جافرسان)ە ناکۆکی و شەڕی نێوان سانەکان لە هەورامان، بەشێکی خوێناوی ناکۆکیەکانن و بەو هۆیەوە زۆر خوێنڕشتن ڕوویانداوە. (محمد، ، (٢٠٠٥) ،ل١١٠-١١١-١١٢)بەجۆرێک (عەبدوڕەحمان ئەبول وەفا) بۆ خۆدوورگرتن لە ناکۆکی و دروستبوونی نییەتی خراپ لە دڵدا، دەچێتە گوندی گوڵپ، لە هەورامان و پاش چەند مانگێک گەشتی یەکجاری بەغدا دەکات. (مودەڕیس، ١٩٨٣، ل١٠٢) وەک پشتڕاستکردنەوەی ئەو ناکۆکیانە، شێخ محەممەد بەهائەدین، پاش کەنارگرتنی ئەبول وەفا، نەیویستووە شێخایەتی بۆ عومەر زیائەدینی برای بگوازرێتەوە. بۆئەوەش یەک لە موریدانی شێخ محەممەد بەهائەدین بەناوی مەلا فەتحوڵڵاوە دەڵێت:

" ساڵێک بەر لە مردنی شێخ محەممەد بەهادین چوومە لای بۆ تازەکردنەوەی پەیمان، شێخ پێی ڕاگەیاندم ساڵێکی تر من دەمرم، عومەری برام و عەلی کوڕم (حیسامەدین) دەبێتە ناکۆکیان، ئێوە ئاگاداربن پشتیوانی لە عەلی بکەن". (وەزیری، ٢٠٢٠، ل٢٩٢)

ئەوەی لەم ڕووداوەوە وەردەگیرێت، ئەوەیە هەر شێخێک پێش لەمردنی هەوڵیداوە جێگا بۆ کوڕە جێنشینەکەی خۆی خۆش بکات، بۆ ئەوەش سۆزی کوڕێتی لە پێش سۆزی برایەتییەوە بووە. ئەگەرچی بابەتی مردن و زانینی ڕۆژی مردن بەپێی دەقی قورئان یەکێکە لە نەزانراوەکان و زانینی کاری مرۆڤ نییە.﴿ وَمَا تَدْرِي نَفْسٌ مَّاذَا تَكْسِبُ غَدًاۖ وَمَا تَدْرِي نَفْسٌ بِأَيِّ أَرْضٍ تَمُوتُۚ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ ﴾(سورة لقمان، الاية ٣٤)

بۆیە ئەم قسەیە، لە ڕواڵەتدا دەبێت وەک یەکێک لەو پێشبینییانە لێیرِوانین کە موریدان بە کەراماتی دەزانن. لە دنیای ئیسلامدا ئەم جۆرە پێشبینییانە زۆرن و ڕاستە زۆرینەیان واقیعی نین و زیادەڕۆییان تێداکراوە، وەك گوتن هەمووکەس دەتوانێت بڵێت ساڵێکی دیکە دەمرم، کە مرد دەڵێن کەراماتی هەبووە. خۆ ئەگەر نەمرد، کەس بوێریی ئەوە ناکات بە شێخێك بڵێت ڕاستت نەگووت و نەمردی!

بە مردنی شێخ محەممەد بەهائەدین هەریەک لە کوڕ و براکەی شێخ (عەلی)ی کوڕی شێخ (عومەر)ی برای خۆیان وەک شێخ ڕاگەیاند و موریدانیش بوون بە دوو دەستەوە. کە بە (زیائی) و (حیسامی) ناسران. (ئاوایی، ٢٠١٨، ل٢١٣) بەوەش دوو شێخ لە یەک کاتدا لە هەورامان ئەدای کاری شێخایەتیان دەکرد، کە پێچەوانەی بنەماکانی نەقشبەندی بوو، ئەم دۆخە درێژەی دەبێت و لە کاتی مردنی شێخ نەجمەدینی کوڕی شێخ عومەر دا، شێخ عەلائەدین بۆ شوێنگرتنەوە، لە ڕۆژهەلاتەوە دێتە بیارە، بەڵام بەهۆی دانانی شێخ نورەدینی کوڕی شێخ نەجمەدین، بە شێخی جێنشین (وەزیری، ٢٠٢٠، ل٣٠١) شێخ عەلائەدین ناچار بە گەڕانەوە دەبێت، تەمەنی کورتی نورەدین، وا دەکات شێخ عەلائەدین لە ماوەیەکی کەمدا ببێتە شێخی جێنشین. (مودەڕیس، ١٣٩٤، ل١٠٢)

بۆ جێگرتنەوەی شێخ عەلائەدین ناکۆکییەکان بوونە دوو ئاراستە، ناکۆکی خێزانیی، ناکۆکی بنەماڵەیی. هەرچی ناکۆکی بنەماڵەییە لە نێوان ئامۆزاکاندا بوو، وەك کوڕانی شێخ عەلائەدین و شێخ عومەر (هەورامانی، ٢٠١٦، ل٤٦٢) بەڵام لە بەرژەوەندی کوڕانی شێخ عەلائەدین کۆتایی هات، خاڵی دووەمی ناکۆکی لە نێوان کوڕانی شێخ عەلائەدین خۆیاندا بوو (شێخ عوسمان و شێخ زاید). ئەوەش لە بەرژەوەندی شێخ عوسمان کۆتایی هات، چونکە ئەو دۆخەی شێخ عوسمان لە ناوخۆ و دەرەوە توانیبووی دروستی بکات شێخ زایدی برای ئەو توانایەی نەبوو. (هەورامانی، ٢٠١٦، ل٤٦٣) دواجار دۆخەکە لە بەرژەوەندی شێخ عوسمان یەکلایی بوویەوە. لەگەڵیشیدا دەتوانین بڵێین بە کۆتایی گەیشت، چونکە شێخ عوسمان کۆتایی بە نەریتی شێخایەتی بۆماوەیی لە ناو بنەماڵەکەی خۆی و لە هەوراماندا هێنا. ئەوەش دەرئەنجامی ئەوە بوو کوڕانی شێخ ئامۆژگاری باوکیان بە دڵ وەرنەگرت، و زیاتر لە خەمی وەرگرتنی پۆستی حکومیی و خۆشییەکانی ژیاندا بوون. (تەوەکولی، ٢٠١٥، ل٢٨٧-٢٨٨) شێخیش پەیامی دابوو، کە هیچ کەسێك لە مورید و مەنوسبان بە خاتری خۆشەویستی شێخەوە بەڵێنی شێخایەتی بۆ کوڕ و برا و کەس و کاری ئەو دوویات نەکاتەوە، چونکە لە بڕوای شێخدا هەر یەك لەوانە نەك سەیر و سلوکیان بۆ شێخایەتی نەکردووە، بەڵکوو بۆنی تەسەوفیشیان نەکردووە. (دە لاک، ٢٠٢٢/٣/١١، کاتژمێر ٤٤: ٥)

بە بڕوای هەندێک لە شوێنکەوتووانی تەریقەتی نەقشبەندی ڕازیبوون بە بنەماڵەیی کردنی شێخایەتی لە هەورامان ئەدەب نواندن بووە بەرامبەر شێخ زادەکانیان. (قەڵادزەیی، ٢٠٢٢/٥/١٢، کاتژمێر ٤٨: ٤) بەڵام بێدەنگ بوون بووە بەرامبەر بە شێواندنی بنەماکانی تەریقەت، چونکە شێخایەتی پێویستی بە توانا و پێگەشتوویی ڕۆحیە، نەک بۆماوەیی وەک لای قادرییەکان باو بوو. شێخایەتی و ئیرشاد لە بنەڕەتدا بە میرات نادرێت بە کەس، چونکە پابەند بوون و کارکردنە، نەک نازناو. شێخایەتی هەڵسوکەوت دروست ناکات، بەڵکوو هەڵسوکەوتی شیاو شێخایەتی دروست دەکات. (هەورامی، ٢٠٢١، ل٧٦) دەکرێت ئەم چەشنە بڕیارەی شێخی سیراجەدینی دووەم وەک پارێزگاری لە ڕاسپاردەی شێخایەتی لێک بدرێتەوە، ڕاسپاردەیەک کە بەپێی زنجیر بەندی شێخایەتی باوک بۆ کوڕ وا دەردەکەوێت شێخانی پێش خۆی ئەدای ئەو ئەمانەتەیان نەکردووە. بەم چەشنە کاروانی شێخایەتی لە بیارە و هەوراماندا پاش ئەو ماوە زۆرە لەو بنەماڵەیەدا کۆتایی هات و بە فەرمی کەسێک بۆ ئەو جێگایە دیاری نەکراوە. جێگرتنە وەی کوڕ بۆ باوک بازنەی تەواوی خۆی کێشاوە لە شێخ عوسمانی یەکەمەوە بۆ شێخ عوسمانی دووەم، بە جۆرێک دواین شێخ ناو و نازناوی شێخی یەکەمی هەڵگرتووە و بازنەکە کۆتایی هاتووە. (ئالگەر، ٢٠٠٩، ل١٣٤) لە ١٩٩٧زدا. بەو نەریتەی کە پێشتر پەیرەو کرابوو. ئەم هەنگاوەی شێخ عوسمانی دووەم گەڕانەوە بوو بۆ بنەمای سەرەکی نەقشبەندی لە دیاریکردنی کەسێتی شێخدا ئەوەش دەکرێت بە قۆناغی داکشانەوە و چوونەوەیەکی ئەو تەریقەتە لەناو بنەماڵەی سیراجەدین و لە ناوچەکە دابنرێت. وەگەرنا نەقشبەندی لەسەر ئاستە گشتییەکە وەك تەریقەتێکی گەورەی سۆفیزم بەردەوامەو هەیە.

ئەگەرچی بنەماڵەی سیراجەدین زیاتر ئامادەگیان لە ناوچەی هەوراماندا هەبووە، بەڵام ناوبانگ و گرنگی پێدانیان ئەو سنوورەی تێپەڕاندبوو، ڕادەی ئەو دەسەڵات و ڕێزەی شێخانی هەورامان لەلایەن ئەدمۆندزەوە جەختی لێکراوەتەوە، ئەو باس لەوە دەکات کە لە ناو ئەو نوێنەرانەی

هاتبوون بۆ دیتنی شێخانی هەورامان (شێخ حیسامەدین) لە هەڵەبجە، میرێکی بەدەسەڵاتی ناوچەی (تاڵش) هەبوو، ئەوە جێگای تێڕامانی ئەدمۆندز بووە، هاوکات ئاماژەی گەورەیی دەسەڵاتی ئەو شێخانەش بووە، چونکە تاڵش ناوچەیەکی ئێرانی نزیک بە سنووری ڕووسیا و لە باشووری ڕۆژئاوای دەریای خەزەرە، هاتنی ئەو سوارەیە بۆ ئەم ناوچە و بڕینی چوارسەد میل ڕێگا بۆ ماچکردنی دەستی شێخ کارێکی هەروا ئاسایی نەبوو. (ئەدمۆندز، ٢٠٠٤، ل٢١٤)

زۆرێک لە ئایین و ئایدیۆلۆژیا و ڕێبازەکان لە دوای دامەزرێنەر و کەسە یەکەمینەکانیان پارچە پارچە دەبن، ڕەگەزی مانەوەی ئایدیۆلۆژیا و ئایین وەک ڕەگەزی مانەوەی عەشیرەت نییە، ئەو کوتلە مرۆییانەی لەسەر بنچینەی فاکتەرە ستوونی و میراتییەکان دروست بوون وابەستەییان سەلامەتترە، لەوانەی لەسەر بنەمای فاکتەرە ئاسۆیی وعەقڵانیەکان دروست بوون. (عەبدول خالق، ٢٠١٧، ل١٧) بۆیە ئاساییە نەقشبەندی و ڕێبازەکەشی بەو پێودانگە تەماشا بکرێت. بەگشتی شێخانی هەورامان لە ڕووی پۆلێنکردنەوە دابەشی سەر دوو گرووپ دەبن:

تەوژمی خاوەن زوهد و پشت لە دونیا کە هیچ کات لە هەوڵی زیادکردنی سەرچاوە دونیاییەکانی خۆیاندا نەبوون. وەک سۆفییەکی پشت لە دونیا ژیانیان گوزەراندووە. ئەوانیش هەریەک لە (شێخ عوسمان سیراجەدینی یەکەم، شێخ عومەر، شێخ عەبدورەحمان ئەبول وەفا و شێخ نەجمەدین) بوون، لە بەرامبەر ئەم گرووپە، دەستەی دووەمی شێخان دێت کە دەکرێت بە تەوژمی دینیی بەرژەوەندگەرایی ناویان ببەین، بە واتای ئەوەی ویستوویانە ئەوەی بەدەستیدەهێنن لە هێزە مادییەکانی دونیا، لە خزمەت سوودی تەریقەت و ڕێبازەکەدا بێت. ئەوانیش هەریەک لە (شێخ محەممەد بەهائەدین، شێخ ئەحمەد، شێخ حیسامەدین، شێخ عەلائەدین و شێخ عوسمانی دووەم)بوون. (نەقشبەندی، ٢٠٢٢/٧/٣، کاتژمێر ١٠:٠٩) ئەمانە لەسەر بنەمای ئایەتی ﴿وَلَا تَنسَ نَصِيبَكَ مِنَ الدُّنْيَا وَأَحْسِن كَمَا أَحْسَنَ اللَّهُ إِلَيْكَ﴾(سورة القصص، الاية٧٧) کاریان دەکرد، و دەیان ویست ئەو وەقفانەی لە بەردەستدان بۆ خزمەتی ڕەوت و تەریقەتەکە بەکار بهێنن، بەڵام لە دوا جاردا، ئەو تێچوونەیان سەرکەوتوو نابێت و نەوەکانیان ئەو موڵکانەی وەقف بۆ خزمەتی خۆیان بەکاردەهێنن. (نەقشبەندی، ٢٠٢٢/٧/٣، کاتژمێر ٠٩:١٠) ئەم پۆلێنکردنە کە شێخ عومەر زیائەدین بە باڵی زوهد ناو دەبات، بەڵام سەرەتای کاروانی بە میراتگرتنی شێخایەتیشی دەداتەوە پاڵ، وەك لە پێشتردا ئاماژەمان بۆکرد.

## تەوەری سێیەم: شێخانی نەقشبەندی لە هەورامان:

هەندێک لە نووسەران، ڕشتەی خێزانی شێخانی هەورامان دەبەنەوە سەر پێغەمبەری ئیسلام(د.خ)، لە ڕێگەی ساداتی (نوعێمیی)ەوە (توداری، ١٩٧٠، ل١٢)، بەڵام ئەو بەڵگانەی بۆ ئەو بوارە باسیان لێوەدەکرێت، لاواز و جێگەی بڕوانین، تەنانەت وەک حاڵەتێکی ئاسایی نەریتگەرا لای خانەوادە سەیدەکانی کوردستان کە نووسراوی ڕشتەی خێزانی (شجرة) یان هەیە، تا دەگەنەوە بە پێغەمبەری ئیسلام(د.خ) لە ڕێگەی (حەسەن و حوسێن) ەوە، من وەك ئەندامێکی ئەو بنەماڵەیەئێستاشی لەگەڵدابێت ئەو بەڵگەیەمان نییە. (نەقشبەندی، ٢٠٢٢/٧/٣، کاتژمێر ٠٩: ١٠)

پێچەوانە بەم لێکدانەوەیە کورد ناسێکی وەک (مارتن ڤان برونەسن) لای وایە، بنەڕەتی شێخەکانی تەریقەت و خەڵکی ناوچەکانیان لێکجوودان، چونکە بە لێکدانەوەی ئەو، شێخەکان بەشێک نین لەخانە جیاوەزەکانی پێکهاتەی هۆز و هیچ خزمایەتییەکیان لەگەڵ هۆزەکانی دەوروبەریاندا نییە. دامەزرێنەرانی ئەو ناوەندە ئایینیانەی (تەکیە و خانەقا) کان لە جێگەی دیکەوە هاتوون. (برونەسن، ٢٠١٠، ل١١٨) هەرچی تەکیە شوێنی مانەوەی باوەڕدارانی تەریقەتی قادرییە (دەروێش)هـ -کان، حاجی شێخ مارفی نۆدێ هێناویەتیە سلێمانی، بەڵام بنەڕەتی دامەزراندنی بۆ شێخ عەبدولقادری گەیلانی دەگەڕێتەوە. لە ڕووی زمانەوانییەوە تەکیە لە کرداری (اتکأ)هوە وەرگیراوە. بە مانای پشتیوانی و پاڵپێوەدان دێت، بەڵام لە ڕووی تەکنیکییەوە شوێنێکە بۆ ئەنجامدانی پەرستش و ڕێکخستنی بازنەکانی زیکر هاوتا بەوەش شوێنێکە میوانداری گەشتیار و ڕێبواران دەکات، بە شێوەیەکی خۆویستانە، بە پێچەوانەی ئەو سیستەمەی کە لە خانقادا پەیڕەو دەکرا،

تەکیەکان نە قوتابخانە بوون نە مزگەوت، تەنها شوێنێکی پشوودانی عیرفانییە بۆ هەرکەسێک کە بیەوێت، بەبێ هیچ بارگرانییەکی دارایی. تەکیە بە مانا گشتییەکەی لە سەردەمی سەلجوق و ئەیوبی و مەملوکەکانەوە بوونی هەبووە، بەڵام لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا زۆر گەشەی کردووە و فراوان بووە، چونکە بە تەواوەتی پشتیوانی لێکردووە، بۆ ئەوەی ببێتە شوێنی ڕێکخستنی زیکر و بانگەشەی ئایینی. (التكايا بالدول العربية، trtarabi.com) هەرچی خانەقایە بە گوێرەی هەندێك لە گێڕانەوەکان مێژووەکەی بۆ سەدەی دووەمی کۆچی و هەندێکیتر بۆ سەردەمی سەلجوقی دەگێڕنەوە. بەڵام لەسەردەمی ئەیوبی و مەملوکیدا برەوی پێدراوە ووشەیەکی فارسییە، بەواتای ماڵ یا خانوو دێت، کە پێناسێکی دینی وەردەگرێت، خانەقا نە بانگە(مئذنة) ی هەیە، نە میمبەر. نوێژی هەینی تێدا ناکرێت، وەك جامع. لە خانەقادا وانە و بابەتە ئاینییەکان دەخوێندرێت و شوێنی مانەوەی مورید و مەنسوبانی تەریقەتە سۆفیگەراکانە، شوێنێکە لەگەڵ مانەوە تێیدا بۆ ئەنجامدانی زیکرو خەتمەش بەکاردێت. بۆیەکەم جار مەولانا خالیدی نەقشبەندی لە ناوچەی سلێمانی دا کردیەوە. (خانقاه – المعرفة marefa.org)هەرچەندە شێخەکان بۆ خۆیان بانگەشەی ئەوەیان نەکردووە، کە بنەڕەتێکی هاشمییان هەیە (هەورامانی، ٢٠١٦، ل٤٣٦) بەڵام لە دژیشی نەوەستاون، گوایە ئەوانە لە بنەماڵەیەکی عەرەبی خاوەن پێگەی مێژووییەوە هاتوون. (برونەسن، ٢٠١٠، ل١١٨) کاریگەری ئەو شێخ و تەریقەتانە بە جۆرێک ئاوێزانی خەڵکی بووە، هەندێک جار لەپرسیاری دیاریکردنی هۆز و تیرەکاندا، وەڵامی تەریقەتیش دەبیسین. واتە تەریقەتەکە ئامێزی برایەتییەکی هەمیشەیی تری لە ڕایەڵە خزمایەتییەکە بۆ کردونەتەوە، (سەلام، ٢٠٠٤، ل١٠)

چونکە ئەوان دەیانەوێت بە هەر ڕێگایەک بووە خۆیان ببەنەوە سەر ئال و بەیتی پێغەمبەر(د.خ). تەنانەت شێخەکان قسەکردنیان بەشێوە زاری سۆرانی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە خۆیان لە بنەڕەتە هەورامییەکە دارنن، بۆیە هەندێک هەوڵ هەن لەڕێی پیاوانی خوێندەواری دەوروبەریان، تا ئەو ئامانجە بەدیبهێنن. (هەورامانی، ٢٠١٦، ل١٠٣٨) بەڵام لە ڕووی فاکتەوە، ئەم هەوڵی بە سەید ناساندنە هیچ شێخێکی نەقشبەندی لە یەکەمینەکانی هەورامان بانگەشەی بۆ نەکردووە، تا سەردەمی شێخ عەلائەدین و دروستبوونی دەوڵەتی پاشایەتی لە عێراق. بە تایبەت حکومەتی (تەها هاشمی) ی سەرەک وەزیرانی عێراق و پەیوەندی پتەوی ئەو بە شێخ عەلائەدینەوە ئەو دۆخە زیاتر دەبزوێت. (نەقشبەندی، ٢٠٢٢/٧/٣، کاتژمێر ١٠:٠٩) لە ناو کاروانی شێخایەتی شێخانی نەقشبەندی لە هەوراماندا، چەند شێخێکی کاریگەر هەبوون لەوانەش:

## یەکەم: شێخ عوسمان سیراجەدینی یەکەم( ١١٩٥ك/١٧٨١ز- ١٢٨٣ك/١٨٦٧ ز):

ناوی تەواوی عوسمان کوڕی خالید ئاغا کوڕی عەبدوڵڵا ئاغا، کوڕی سەید محەممەد کوڕی سەید دەروێش کوڕی سەید موشریف کوڕی سەید جومعە کوڕی سەید زاهیرە. لە تەوێڵە لەساڵی ١١٩٥ك/١٧٨١ز لەدایک بووە.( مەولەوی، ١٩٨٨،ل ٥٧٥) نازناوی سیراجەدینە. سەرچاوەی ئەو نازناوەش وەک باسدەکرێت، شا عەبدوڵڵای دەهلەوی بووە، لە سەر پەراوێزی ئەو قورئانەی بۆی ناردووە، نووسیویەتی. (محمد، ٢٠٠٥، ل٦٢٤) بنەماڵەکەیان لە تەوێڵەدا بە کوێخا گەری هێناویانە، کە پێگەیەکی سەرووتر لە پێگەی ئاسایی خەڵکە گشتیەکەبووە، تاگەیشتووتە شێخی ناوبراو. باوکی شێخ عوسمان کەسێکی قاڵ بووی ناو دینداری نەبووە، بەڵکوو نزیك لە دەسەڵاتداران و دەربار بووە. هەر بەو هۆیەشەوە گوندی تەوێڵەی بەهاوکاری دەسەڵات-دارانی هاوچەرخی خۆی خستووتە ژێر ڕكێفییەوە. (هاشمی، ٢٠٠٤، ل١٤٥) شێخ هەشت برای هەبووە. (مودەڕیس، ١٩٨٣، ل٣٥٠) دیدگای جیاواز بۆ ڕوانینە ژیان، پەیوەندییەکانی سیراجەدین و باوکی تێکدەدات، ئەوەش دۆخێکی ئاسایی بوو لە نێوان دونیا ویستێکی پاوانخوازی و سۆفیزمێکی پشت لەدونیا، بەو هۆیەوە شێخ عوسمان جێگای گرنگی پێدانی باوکی نابێت، ئەو ناکۆکیانە دەگاتە ئاستێک بەپێی گێڕانەوەی سەیدتاهیری هاشمی لەکاتی سەردانی مەولانا بۆ هەورامان و دیداری لەگەڵ خالید بەگ، داوای بینینی کوڕەکانی دەکات، لەوکاتەدا شێخ عوسمان لە بەغدا دەبێت بۆ خوێندن، مەولانا هەواڵی بینینی ئەو کوڕەی دەپرسێت، خالید بەگی باوکیشی دەڵێت: "کوڕێکی گومڕاو دەربەدەرە بەکەڵکی بینینی تۆ نایەت."(هاشمی، ٢٠٠٤، ل١٢٦) سەرەنجام، لە بەغدا دەیبینێت و لە تەمەنی ٣١ ساڵیدا دەبێتە موریدی مەولانا. (مودەڕیس، ١٩٨٣، ل١٣) بۆ ماوەی دەساڵ یاوەری شێخەکەی دەکات، پێش ئەوەی لە

ساڵی (١٨٢٠) بگەڕێتەوە بۆ زێدی خۆی و یەکێک لە ناوەندە سەرەکییە-کانی بڵاوکردنەوەی خالیدییەی لە کوردستان کردەوە.(2007, p.102،Chodkiewic)

پاش بوونە خەلیفەی مەولانا و گەڕانەوە بۆ زێدی خۆی، لە بنیاتنانی شوێنێک بۆ بانگەشەکانی، پێویستی بە سەرچاوەی مادی بوو، بەڵام لە ڕووی مادییەوە خاوەن موڵک و ماڵێک نەبووە، بەهۆی گومان لە سەرچاوە دارییەکانی باوک و براکانیشی نەیویستووە سوود لە پارەی ئەوان وەربگرێت. پەنا بۆ قەرزی یەکێک لە موریدانی دەبات، بە ناوی شێخ (حوسێن) و داوا دەکات بڕی (٢٥قران)ی بۆ بنێرێت، چونکە پێویستی پێیەتی و ناتوانێت دابینی بکات. (ئاوایی، ٢٠١٨، ل١٣٤) ئەو لە تەمەنی ٣٣ ساڵیدا ژیانی کۆمەڵایەتی پێکەوە دەنێت و لەماوەی ژیانیدا (١٨) ژنی هێناوە، نەوەکانیشی بە گشتی ٦ کوڕ و ١٧ کچ بوون. (مودەڕیس، ١٩٨٣، ل٣١) پاش بەسەربردنی ٥٣ ساڵ. (هەورامانی، ٢٠١٦، ل٤٣٦) لە ئیرشاد و شێخایەتی، بەهۆی دووچار بوون بەپیری و پەککەوتەیی جەستەیی لەتەمەنی (٨٨) ساڵی و لە ساڵی ١٢٨٣ك/ ١٨٦٧ز کۆچی دوایی کرد (مودەڕیس، ١٩٧٩، ل٣٥) و لەناو باخچەکەی خۆیدا لە تەوێڵە ئەسپەردە دەکرێت. (مودەڕیس، ٢٠١٤، ص ٣٩٠) بەهۆی کاریگەری و ناوبانگی ئەم شێخەوە لە کاتی مردنیدا شێخ عوبەیدوڵای شەمزینان کوڕی شێخ تەهای نەهری لە باکوری کوردستان نامەی هاوخەمی خۆی بۆ شێخ محەممەد بەهائەدینی کوڕی دەنێرێت. (وەزیری، ٢٠٢٠، ل٢٥٢)

## دووەم: محەممەد بەهائەدین (١٢٥٢ك/ ١٨٣٦ز- ١٢٩٨ك/ ١٨٨١ز):

ناوی (محەممە)دە کوڕی سێیەمی شێخی سیراجەدینە لە ١٢٥٢ك/ ١٨٣٦ز (مودەڕیس، ٢٠٢٢، ل١٣٣) لە تەوێڵە لە دایک بووە. (صالح، ٢٠٠٩، ل١٦٣٤) نازناوی (بەهائەدین) ە (مەولەوی، ١٩٨٨، ل٥٨٣) بە کوڕی گەورەی شێخی سیراجەدین ناوبراوە، چونکە لەو کوڕانەی لەو کاتەدا لە ژیاندا بوون ئەو گەورەترینیان بووە. لە تەوێڵە لای مەلایانی دەوروبەری باوکی وەک مەلا (مەحموودی دشەیی و حامیدی کاتب) زۆرێک لە کتێبەکانی حوجرەی تەواو کردووە. (هەورامانی، ٢٠١٦، ل٢٤٠) هیچ ئاماژە یەک بەردەست نەکەوتووە، کە شێخی ناوبراو مۆڵەتی مەلایەتی وەک هەر مەلایەکی ئاسایی ئەوەی پێی دەگوترێت (دوازدە عیلم) وەرگرتبێت. بەوەشدا ئاستی زانستی لە خوار ئاستی زانستی مەلایەکی پێ گەیشتووی ناو زانستە دینی و شەرعییەکان بووە. دیاریکردنی دوو کەس بۆ جێگرتنەوەی شێخی سیراجەدین بە پێی گێڕانەوەی کتێبی (بارقات السرور) بۆ ئەوە بوو کە شێخ دڵی موریدانی ڕازی بکات، کە هەندێکیان محەممەد و هەندێکی تریان عەبدوڕەحمان یان لاپەسەند بوو. (هاشمی، ٢٠٠٤، ل١٨٨)، واتە هەڵبژاردنەکە بە قەدەر ئەوەی ڕازیکردنی دڵی موریدانی بووە، پێش چاو خستنی بنەماکانی تەریقەتی تێدا ڕەچاو نەکراوە.

بەرامبەر بە ڕەزامەندی زۆرینەیەکی ڕەها لە ئاست ئەو پرۆسەیە، دەنگی ناڕەزاییش هەبووە، وەک (مەلا عوسمانی کانی کەوەیی) لە سلێمانی کە خەلیفەی سیراجەدین بووە، کاتێک شێخی نوێ ویستوویەتی ئازاری بدات، گوایە لە جیهانی مەعنەویدا باوکی داوای لێکردووە بیبوورێت، چونکە خزمەتی زۆرە. (مودەڕیس، ٢٠٢٢، ل١٣٣) هەروەها شێخ (یووسف بورهان) لە ناوچەی موکریان بەو شوێنگرتنەوەیە ڕازی نەبووە و پەیمانی بۆ شێخی تازە (محەممەد بەهائەدین) نوێ نەکردووەتەوە. خۆی وەک خەلیفەی شێخی کۆچکردوو ڕۆڵی شێخایەتی گێڕاوە و شێخایەتی کردووە. (نەقشبەندی، ٢٠٢٢/٧/٣، کاتژمێر ٠٩: ١٠) هەرچەند خەلیفەکانی شێخ عوسمان سیراجەدینی یەکەم مەلای پێگەشتوو خاوەن توانستی زانستی زۆری تێدا بووە، بە پێی ڕێوڕەسمی نەقشبەندیش دەبوو بە تواناترین خەلیفەکانی شێخ ببنە شێخ، نەک کوڕە تازە پێ گەیشتووەکەی، بەڵام ئەو بە شێخی جێنشین قبووڵ کرا. تەنانەت هەریەک لە (ئیبن قەرەداغی و شێخ ئەمینی خاڵ) کە دوو زانای سەردەمی خۆیان بوون بوونە خەلیفەی ناو برا و متمانەیان بە توانستی ئەو لە ئیرشادی ڕۆحی دا هەبووە. (بگ، ١٩٥١، ص٢٥٢) شێخ بۆ ئەنجامدانی فەریزەی حەج چووەتە سەردانی ماڵی خودا و لەوێشەوە دەچێتە میسر و سەردانی ئەزهەر دەکات. پاشان چووەتە شام و لەوێشەوە بۆ سلێمانی و تەوێڵە. (ئاوایی، ٢٠١٨، ل١٤١) یەکێک لە کارەکانی پتەوکردنی پەیوەندی بوو لەگەڵ شێخە قادرییەکان. پێچەوانەی سەردەمی مەولانا ژن و ژنخوازی لەگەڵیاندا کرد و کچی شێخێکی قادری خواست، ڕێنمایی دا بە موریدانی کە نابێت جیاوازی بکەن، چونکە ئەو خۆی

بە خزمەتکاری ئەو ڕێبازە دەزانێت. (شاکەلی، ٢٠٠٠، ل٢٣٨-٢٣٩) کارێکی تری گرنگیدان بوو بە خانەقای تەوێڵە و گەورە کردنی. (وەزیری، ٢٠٢٠، ل٢٣٨) لە ژیانی خێزانیدا شەش ژنی هێناوە و پێنج کوڕی بووە. (مودەڕیس، ١٩٨٣، ل٨٢-٨٤) دواجار و پاش پازدە ساڵ لە کاری شێخایەتی و ئیرشاد لە ڕۆژی هەینی ساڵی ١٢٩٨ك/ ١٨٨١ز و لە تەمەنی (٤٦) ساڵیدا کۆچی دوایی کرد. (بگ، ١٩٥١، ص٢٣٠). بەمردنی شێخ محەممەد بەهائەدین بۆ یەکەمجار دابەشبوون لە ناو بنەماڵەی سیراجەدین دا دروست دەبێت لەسەر جێگرتنەوەی شێخایەتکە بە بەرەی (زیائی) کە ئاماژە بوو بە شێخ عومەر زیائەدین و بەرەی ( حیسامی) وەك ئاماژە بە شێخ عەلی حیسامەدینی کوڕی (وەزیری، ٢٠٢٠، ل٢٧٤)

## سێیەم: عەبدوڕحمان ئەبوول وەفا ( ١٢٥٣ك/ ١٨٣٧ز- ١٢٨٥ك/ ١٨٦٨ز):

عەبدوڕەحمان ئەبوول وەفا دووەم کوڕی شێخ و مۆڵەتنامەی شێخایەتی هەبووە.لە ١٢٥٣ك/ ١٨٣٧ز لە تەوێڵە لە دایک بووە، لای مەلاکانی خانەقا لە تەوێڵە خوێندوویەتی، باوکی مۆڵەتی ئیرشادی پێداوە. پاش کۆچی باوکی بە ماوەیەکی کەم دەچێتە بەغدا (هەورامانی، ٢٠١٦، ل٤٤٣) گەشتی بەغدای (ئەبوول وەفا) بەهۆی بوونی هەندێک دەنگۆ بوو لە ناو خەڵکدا، گوایە دەیەوێت کێبڕکێی شێخ (محەممەد بەهائەدین) ی برای بکات، لە کاتێکدا بە پێی نووسراوی وە سێتنامەی باوکیان دەبوو پێکەوە کار بۆ بڵاوکردنەوەی ئەو ڕێبازە بکەن، دایکی ئەم شێخە برازای مەولانا خالیدی نەقشبەندی بووە. وەک بڵێیت میراتی شێخایەتی نەک بۆخودی مەولانا نەمایەوە، بەڵکوو بۆ ئەوانەش نامێنێتەوە کە پەیوەست بوونێکی خێزانیان بە مەولاناوە هەبووە. (محمد، ٢٠٠٥، ل ٥٧٣) لە ساڵی ١٢٨٥ك/ ١٨٦٨ز و لە تەمەنی (٣٢) ساڵیدا کۆچی دوایی دەکات و لە مەزاری گەیلانی لە بەغدا ئەسپەردە دەکرێت. خاوەن دیوانێکی شیعرییە بە زمانی فارسی. (مودەڕیس، ١٩٨٣، ل١٠٣-١٠٥)

## چوارەم: شێخ عومەر زیائەدین (١٢٥٥ك/ ١٨٣٩ز-١٣١٨ك/ ١٩٠٠ز):

کوڕی سێیەمی شێخی سیراجەدینە و لە تەوێڵە لە ساڵی (١٨٣٩ز) لە دایک بووە. (ئاوایی، ٢٠١٨، ل١٤٨) وەک شێخ زادە یەک دەخرێتە بەر خوێندن، لای مامۆستایانی خانەقا فێری خوێندن و نووسین دەبێت. (مودەڕیس، ١٩٨٣: ل١٥١) پاشان دەنێرێتە کەرکووک بۆ ناو شێخانی تاڵەبان، تا لای شێخێکی کاریگەری قادری ڕابهێنرێت. (Chodkiewic،١٠٢.p ,٢٠٠٧) لە هەمانکاتدا ئەو ناردنە دەکرێت، وەک هەوڵێکی باوکی بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندی تەریقەتەکانی قادری و نەقشی تەماشا بکرێت. ڕەنگە لە ژێر ئەو کاریگەریانەی تەریقەتی قادریشدا بێت، بۆ یەکەم جار شێوازی زیکری ئاشکرای هێناوەتە ناو کۆڕی زیکری نەقشبەندییانی هەورامان. (شاکەلی، ٢٠٠٠، ل٢٥٩) مۆڵەت نامەی خەلافەتی بە فەرمانی باوکی و لەسەر دەستی شێخ محەممەد بەهائەدینی برای وەرگرتووە. (مودەڕیس، ٢٠٢٢، ل١٤٧) ساڵی (١٨٨٣ز) شێخ عومەر لە تەوێڵەوە دەچێتە بیارە و لەوێ نیشتەجێ دەبێت. ئەم شێخە زۆربەی ناوچەکانی گەرمیان بۆ ئیرشاد ڕۆیشتووە و خانەقای تێیاندا کردووەتەوە. کردنەوەی خانەقا لەهەر جێگایەک لەلایەن شێخانی نەقشبەندییەوە لەسەر بنەمای بوونی موریدان و شوێن کەوتوانی ئەو ڕێباز بووە، لەو جێگایەدا. (نەقشبەندی، ٢٠٢٢/٧/٣، کاتژمێر ١٠:٠٩) سەردەمی شێخ عومەر سەردەمی گەشەکردنی ڕێبازی نەقشبەندی بووە، لە ناوچەکانی دەوروبەردا، لە ڕێگەی کردنەوەی خانەقا لە دەرەوەی هەورامان. (شاکەلی، ٢٠١٩، ل٧٣) جگە لەوەش کاری بۆ بڵاوکردنەی تەریقەتەکە لە کیشوەری ئەفریقا کردووە، لە پاش سەردانی بۆ زانکۆی ئەزهەر لەڕێگەی شێخ (محەممەد کوڕی شێخ فەتحوڵڵا)ی ئەربیلی، کە لە زانا دیارەکانی هەولێرە، ساڵی ١٨٥٣ز لە دایک بووە، ماوەی دە ساڵ لە شاری مەدینە سەرقاڵی وانە گوتنەوە بووە، پاشان دەچێتە میسر.( وەزیری، ٢٠٢٠،ل٣٤٥) و دەبێتە مامۆستا لەو ناوەندە زانستیە و کار بۆ بڵاوکردنەوەی ئەو تەریقەتە دەکات. (نەقشبەندی، ١٩٨٥، ل١٣٥-١٣٦) بەهۆی شێخ عومەرەوە لەو کاتانەدا خانەقای بیارە وەک ناوەندێکی زانستی گەورە خەڵک لە هەموو لایەکەوە ڕووی لێدەنا، ئەو نەریتەش تا کۆچی دوای شێخ عەلائەدینی بیارە بەردەوام بوو. (ڕۆستەم، ٢٠٠٤، ل١٦٨) ئەم شێخە دۆستێکی

باشی خوێندن و کتێب بووە، هەر بۆیە بۆ خزمەتی فەقێ و خوێندکاران، لەو ڕۆژگارەدا نانەواخانەیەکی کردووەتەوە و نانی بە خۆڕایی بە فەقێ و تەنانەت ڕێبوارانیش داوە. (ئاوایی، ٢٠١٨، ل١٥٩) پێگەی زانست خوازانی لا گەورەتر بووە لە شوێن کەوتوانی تەریقەت، بۆیە لە گلەیی هەندێک لە مورید و سۆفییان لە دەنگی بەرزی فەقێیان لە کاتی کۆشش(سعی) کردندا، ئەو بەئاشکرا دەڵێت: "ئەوەی ئەو دەنگەی پێ ناخۆشە با لێرە بڕوا." (مودەڕیس، ١٩٨٣، ل١٥١) بۆ خزمەت گەیاندنی زیاتر لەو بوارەوە لە هەوڵی پەیداکردنی مەلای بە توانادا بووە، بەو هۆیەشەوە دەنێرێت بە دوای مەلا عەبدولقادری کانی کەوەیی ١٢٨٠ک/١٨٦٣ز-١٣٣٨ک/١٩١٩ز لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و کچی خۆی لێماره دەکات. (مودەڕیس، ٢٠٢٢، ل١٥٠) لە دامەزراندنی کتێبخانەی گەورەی خانەقای بیارە ڕۆڵی سەرەکی هەبووە، نازناوی شیعری (فەوزی) هەیە و یەکەمین کەسیشە لە ناو بنەماڵەی شێخانی هەوراماندا شیعری بە شێوەزاری سۆرانی نووسیبێت، لە کۆی نامەکانی شێخانی بیارەدا، نامە و نووسراوەکانی شێخ عومەر لە هەمووان فرە لایەن ترن لە هەندێک لە نامەکانیدا باس لە فەنا بوون دەکات. (شاکەلی، ٢٠٠٠، ل٢٦١) لە ماوەی ژیانێکی (٦١) ساڵیدا دوازدە ژنی لە شێخ زادە و بەگ و سەیدەکان هێناوە، ئەنجامی ئەوەش ٩ کوڕ و چەند کچێکی هەبوون. (مودەڕیس، ١٩٨٣، ل١٥٤) دواجار لە (١٩٠٠ ز) لە شەوی دووشەممە، لە تەمەنی (٦١) ساڵیدا، کۆچی دوایی کردووە (محەممەد، ٢٠٠٥، ل٥٧٦).

## پێنجەم: شێخ محەممەد نەجمەدین ( ١٢٨٠ک/ ١٨٦٣ز- ١٣٣٧ک/ ١٩١٩ز):

ساڵی ١٢٨٠ک/ ١٨٦٣ز لە تەوێڵە لەدایکبووە. دایکی کچی مەحموود بەگی ساحیبقڕانە. لای شێخ محەممەد بەهادینی مامی سەرەتاکانی ڕاهێنانی ئیرشادی وەرگرتووە، پاش مردنی مامی لەسەر دەستی باوکی مۆڵەت دەدرێت. (تەوەکولی، ٢٠١٥، ل٢٨٣) بەر لە مردنی باوکی زۆربەی کاتەکانی لە دەرەوەی سنووری هەورامان بە تایبەتی لە ناوچەی تاوەگۆزی و گوندەکانی (گمە و پشتە) ژیانی بە کاری ئیرشادی بەسەر بردووە. (ئاوایی، ٢٠١٨، ل١٨٩) پاش مردنی باوکی بووە بە شێخی جێنشین (النقشبندی، ٢٠٠٠، ل١٩-٢١) ئەو شوێنگرتنەوەیە بە ڕەزامەندی مەلایانی خانەقا و عوسمان پاشای جاف قایمقامی قەزای گوڵعەنبەر(هەڵەبجە) بووە. (ئاوایی، ٢٠١٨: ل١٨٩) لە ژیانیدا هەشت ژنی هێناوە و یازدە کوڕی هەبووە. (موفتی، ٢٠١٧: ل٢١٤) زۆربەی ژنەکانی کچە بەگزادە و دەسەڵاتدار بوون، بە لێکدانەوەی مودەڕیس ئەو هەنگاوەی شێخ بۆ کەمکردنەوەی جەور و ستەمی ئەو بەگ و دەسەڵاتدارانە بووە. (ئاوایی، ٢٠١٨، ل١٩٢) بەگشتی ژنهێنان لای شێخەکانی نەقشبەندی هەورامان بۆ دروستکردنی پەیوەندی بووە لەگەڵ ئەو خانەوادە و خەڵکانەدا هەتاکوو لەو ڕێگایەوە کاریگەری دابنێن لەسەریان. (نەقشبەندی، ٢٠٢٢/٧/٣، کاتژمێر ٠٩: ١٠)، بەڵام بە دیوێکی تردا ئەو جۆرە ژنهێنانانە دەچنە خانەی هاوسەرگیری سیاسییەوە. شێخ نەجمەدین ساڵی ١٣٣٧ک/ ١٩١٩ز کۆچی دوایی کردووە. (تەوەکولی، ٢٠١٥، ل٢٨٣)

بەپێی گێڕانەوەکان شێخ نەجمەدین کەسێکی زانست دۆست و خاوەن زوهد و دونیا نەویست بووە، کاتێک عوسمانییەکان دەیانەوێت مووچەی مانگانەی بۆ ببڕنەوە، بۆئەوەی بۆ کاروباری خانەقا و بەڕێکردنی میوانەکانی بەکاری بهێنێت، ئەو ڕەتی دەکاتەوە. لەو نەریتەدا زیاتر شوێن پێی باوکی لە نزیکبوونەوە لە زانایان و ڕووناکبیران هەڵگرتبوو، نەک لایەنە سیاسی و ئاوەدانییەکەی. (شاکەلی، ٢٠١٩، ل٧٤) بە جۆرێک لە گواستنەوەی ئەو ئاکارەدا کاریگەری لەسەر مەلایانی هاوەڵی خۆشی هەبووە، لەوانە مامۆستا ڕەسووڵی بێدەنی (بەهائەدین، ٢٠١٧، ل٤٥)

## شەشەم: شێخ عەلائەدین (١٢٨٠ک/ ١٨٦٣ز- ١٣٧٣ک/ ١٩٥٤ز):

بە مردنی شێخ نەجمەدین، (مودەڕیس، ١٩٨٣، ل٢٨٢) شێخ عەلائەدینی برای کە کوڕی شێخ عومەر زیائەدین کوڕی شێخ عوسمان سیراجەدینە و ساڵی ١٢٨٠ک/١٨٦٣ز لە بیارە لەدایکبووە، (النقشبندی، ٢٠١٠، ص٤٨) لە گوندی (دوو ڕووە)ی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە دەگەڕێتەوە بۆ بیارە، بۆ بەشداری لە پرسەی براکەی، لەهەمانکاتیشدا بۆ بوونە شێخی جێنشین، بەڵام بەر لەگەیشتنی ئەو، شێخ نورەدینی


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

کوڕی شێخ نەجمەدین بە ئامادەبوونی (مەلای قادری مودەڕیسی بیارە و شێخ بابا ڕەسووڵی بێدەنی ١٣٠٣ك/١٨٨٥ز-١٣٦٦ك/١٩٤٧ز) و بەگزادەکانی هەورامان و جاف لە شوێنی باوکی بە شێخی جێنشین دانرا بوو. بۆیە شێخ عەلائەدین دەگەڕێتەوە، ئەو ڕەوشە زۆر درێژەی نەکێشا، (مودەڕیس، ١٣٩٤، ل٩٧)چونکە شێخ نورەدین کەمتر لە ساڵ و نیوێك کاری شێخایەتی کرد و بەهۆی نەخۆشییەوە کۆچی دوایی کرد. ( وەزیری، ٢٠٢٠،ل ٣٠١) دواتر شێخ عەلائەدین بە ئامادەیی بەگزادەکانی جاف و سانەکانی هەورامان بووبە شێخ. (مودەڕیس، ١٣٩٤، ل٩٧) ناوبانگی ئەم شێخە لە ساڵی ١٩٠٢ وە دەستپێدەکات، ئەو دەمەی بۆ کاری ئیرشاد ڕۆیشتە گوندی (دوو ڕووە)، لەوێ خانەقا و مزگەوتی کردەوە و فەقێی لێکۆبوویەوە، دواتریش چەند گوندێکی لەوێ کڕی. (بەهمەنی، ٢٠٠١، ل٤٣٦-٤٣٧)

بەهەمان نەریتی باب و باپیرانی قوتابخانە و خانەقای کردەوە، خانەقای بیارە لە سەردەمی ئەمدا بەهۆی پاشخانی مێژووییە- وە زیاتر بوژایەوە، بەتایبەتی کاتێک (مەلا بەهای بیارە ١٨٧٨-١٩٤٩ز و مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس١٩٠١-٢٠٠٥ز) لەوێ دەبنە مامۆستا. بیارە ناوبانگێکی گەورە پەیدادەکات و بە (بیارەی شەریف) ناودەبرێت. (مودەڕیس، ٢٠١٤، ل ٤١٧) لەبارەی خزمەتدۆستی ئەم شێخە بە خوێندنگەی ئایینی و فەقێیان، دکتۆر مستەفا زەڵمی دەڵێت: "ئەم شێخێکە لە هەوراماندا ئەرکی فەقێ و مەلای گرتبێتە سەرشانی خۆی."(مودەڕیس، ٢٠١٤، ل٢٢٦،١٠١) ئەو لە وەسێتنامەیەکیدا سێیەکی ماڵەکەی بەخشیوە بە خانەقای بیارە و ئەوانەی سەردانی دەکەن و پێویستیان بە خزمەتکردنە. (بەهمەنی، ٢٠٠١، ل٤٤١) شێخ لەگەڵ کاری شێخایەتی دەستی گەورەی هەبووە لە چارەسەری نەخۆشیدا بە داو دەرمانی کوردەواری و خاوەن کتێبێکیشە بەناوی (طب القلوب) (هەورامانی، ٢٠١٦، ل٣١٠)، ئەو دۆخە لە چارەسەری بۆ خەڵکانی نەخۆش تەنیا پەیوەست نەبوو بە مورید و شوێنکەوتەکانییەوە، بەڵکوو خەڵکانی نا موسڵمانیش ڕوویان لێ دەنا و بڕوای زۆریان بە چارەسەرەکانی هەبوو. (عەلائەدین، ٢٠٢٢/٧/٢٦، کاتژمێر٤٥: ٦) لە پاش (٩١) ساڵ تەمەن، ساڵی ١٣٧٣ك/ ١٩٥٤ز کۆچی دوایی کردووە. (ئاوایی، ٢٠١٨، ل٢٢٩) ئەوەندەی دیار بێت لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا شەش ژنی هێناوە، تەنیا ئەو ژنانە هەژمار کراون کە نەوەی لێیان هەبووە، یازدە کوڕی لە پاش بەجێماوە. (مودەڕیس، ١٩٨٣،ل٣١٤)

## حەوتەم: شێخ عەلی حیسامە دین ( ١٢٧٨ك/ ١٨٦٢ز- ١٣٥٨ك/١٩٣٩ز):

ناوی محمد عەلی حیسامەدین، کوڕی شێخ محەممەد بەهائەدینە، ساڵی ١٢٧٨ك/ ١٨٦٢ز لە تەوێڵە لەدایکبووە. (ڕۆستەم، ٢٠٠٤، ل١٦٤) ئەم شێخە لە تەمەنێکی منداڵیدا بووە، باوکی کۆچی دوایی کردووە و شێخ ئەحمەد شەمسەدینی مامی ئەرکی سەرپەرشتی ئیرشادی گرتووەتە ئەستۆ. (وەزیری، ٢٠٢٠، ل٢٤٥) لەڕووی جەماوەریبوونی پێگەکەی و دەستبلاوی لە خزمەتکردندا، بە دیارترین نەوەی شێخ محەممەد بەهادین دادەنرێت، موریدانی باوکی زۆریان خۆشویستووە. (مودەڕیس، ٢٠٢٢، ل٤١٢) پێگەی مەعنەوی ئەم شێخە وایکردووە لە ناوچە جوداکانەوە وەك شام و ئەستەنبوڵ و حەلەب خەڵك سەردانی بکەن. (ئاوایی، ٢٠١٨، ل٢٠٤) ئەدمۆندز دەڵێت:"بەناوبانگترین شێخی نەقشبەندی سیيانن، سەید ئەحمەدی خانەقا لە کەرکوک، شێخ حیسامەدین و شێخ عەلائەدین لە هەورامان. ئەم دوانەیان (حیسامەدین و عەلائەدین) لایەنگریان لە ئێران زیاترە وەک لە عێراق." (ئەدمۆندز، ٢٠٠٤، ص ١١٢) جودا لە شێخەکانیتری هەورامان، شێوەی زیکری تەریقەتی قادریی هێناوەتە ناو کوڕی زیکری موریدانی، هۆکاری ئەوەش بۆ ئەو ململانێ خێزانییە دەگەڕایەوە کە لەناو خانەوادەی شێخانی هەوراماندا هەبووە لەوکاتەدا. بەڵام ئەو کارەشی لادان نەبووە لە تەریقەتی نەقشبەندی، بەڵکوو شێخانی هەورامان وەک خەلیفەی مەولانا مۆڵەتدراوی قادریش بوون. بۆیە هەندێک لە سیماکانی زیکری قادری لە سەردەمی ئەمدا تێکەڵ بە زیکری سۆفیيانی نەقشبەندی کراوە، ئەوەش بۆ جیاکاری لە شێخ عەلائەدین و بیارە بووە. زیاتر گرنگیدان بەو زیکرە ئاشکرایانە لەلایەن شێخ حیسامەدین و نەوەکانییەوە بۆ ئەوە بووە، کە وەک بیارە پێگەشتوویی زانستیان لە حوجرە و خانەقادا لە ئاستێکی باڵادا نەبووە. بۆیە بەو کارە ڕووکارییانە هەوڵی پڕکردنەوەی دراوە. (نەقشبەندی، ٢٠٢٢/٧/٣، کاتژمێر ٩ : ١٠)

پێچەوانەی باوکی، شێخ حیسامەدین خۆی لەو خۆگرتنەوە دونیایەدا نەهێشتەوە، گرنگی زۆری بە ژیانی دونیایی خۆی دەدا لە خان و بەرە

و موڵک و ماڵ بەتایبەتی پاش بەجێهێنانی فەریزەی حەج لە ١٨٧٤ و دەرچوونی یاسای تاپۆ لە دەوڵەتی عوسمانیدا کە شێخ و بەگزادەکانی جاف کەوتنە تاپۆکردنی زەوی و زار لەسەر خۆیان بۆیە شێخیش زەوییەکانی سەروو جۆگەی (دەلێن)ی لەسەرخۆی تاپۆکرد ئەم نەریتی تاپۆکردنە لەسەردەمی شێخ محەممەد بەهادینەوە دەستپێکردبوو، هەریەك لە شێخ عەلائەدین و شێخ حیسامەدینیش هەمان ڕێچکەیان گرتبوو، هەرچەندە لەناو مەلاکانی ئەو دەمەدا ئەو تاپۆکردنانە جێگای مشتومڕ بوو لە ڕووی شەرعییەوە و بە نادروستیان دەزانی(مودەڕیس، ١٩٨٣، ل٨٤-٨٥)، ئەگەرچی بەشێك لە سەروەتمەندی ئەم شێخە پەیوەستدەکرێتەوە بە موڵکەکانی باوکیەوە (ئاوایی، ٢٠١٨، ل٢٠٧)، بەڵام شێخ موعتەسەمی حیسامی کوڕی شێخ حیسامەدین لە زمانی باوکییەوە دەگێڕێتەوە، کاتێک باپیری واتە شێخ محەممەد بەهائەدین کۆچی دوایی کردووە، ئەو واتە شێخ حیسامەدین یەک پەرداخی لە موڵکی باوکی نەبووە، تەنیا گوندی (نوێن)یان هەبووە، کە موڵکی باپیریان بووە و شێخ حیسامەدین بەشی براکانی کڕیووەتەوە. لەگەڵ ئەو زەوی و باخانەی کە مورید و خۆشەویستانی شێخ وەك دیاری دەیانبەخشییە شێخ(دهقانی، ١٣٩٣، ل١٠٩) شێخەکان ڕێگای جۆراوجۆریان بۆ خۆ دەوڵەمەندکردن بەکارهێناوە (شڤیلی، ١٩٨٤، ل ٥٩) لەمبارەیەوە شاکر فەتاح دەڵێت: "شێخ حیسامەدین لە بەشی زۆری دێهاتەکانی هەورامانی هەردوو دیو لە سنە و سابڵاغ بەشی هەیە، زۆری داوە بە سەرکار و باخەوانەکان بۆی بەرهەم بهێنن، زۆرجار گوتوویەتی قەیناکا با بە دزییەوە بیخۆن، ئەوەی من هەمە هی کێیە مەگەر هی خۆیان نییە." (فەتاح، ١٩٧٣، ل٣٣)

جیاواز لەگەڵ ئەو گرنگیدانە بە دونیا، بەڵام ئامادە نەبوو، پارە لە بەرپرسانی سیاسیی و کاربەدەستانی ڕۆژگار وەربگرێت، لەم بارەیەوە ئەدمۆندز دەڵێت: "حیسامەدین پیاوێکی قورس و بە شەخسییەت بوو، بە درێژایی تەمەنی قایل نەبوو تەنیا یەک (ڕوپیە) لە حکومەتی بەریتانیا وەربگرێت." (دهقانی، ١٣٩٣، ل١٥٣) بۆ عێراقیش بە هەمان شێوە. (ڕۆستەم، ٢٠٠٤، ل١٦٨) جگە لەوەی وەك شێخێکی تەریقەت ڕایەڵە کۆمەڵایەتیەکانی گەشە پێدەدا، پەیوەندی و نامەنوسی زۆریشی لەگەڵ فەرمانڕەوایانی ڕۆژگاری خۆیدا هەبووە. (محمد، ٢٠٠٥، ل٥٦٩) بەجۆرێك زۆرترین کاری لەسەر نامەنووسین کردووە، نامەی زۆری ناردووە و نامەی زۆریشی بۆهاتووە. بە تایبەتی لەلایەن سەرکردەکانەوە، وەک نامەکانی بۆ پاشاکانی عێراق، موزەفەرەدین شای قاجار، مستەفا کەمال ئەتاتورک و ڕەزا شای پەهلەوی (دهقانی، ١٣٩٣، ص١٣٣-١٣٤)

جیاواز لە شێخەکانی پێش خۆی بەهۆی ڕوو لە دونیا بوونی هەر زوو لەگەڵ دەسەڵاتی دونیایی بەگی ناوچەکە قادر بەگ بەگێکی خاوەندەسەڵات و زۆر دەوڵەمەندی ناوچەی هەورامان بوو، جگە لە پێگە ئابورییەکەی و دوکان و خانوی گەورەی لە هەوراماندا، کە وەك کەرەستەی ململانێ لەگەڵ شێخدا لێی دەڕوانرا، خواستی بوونە زاوای شێخ حیسامەدینیشی هەبووە، بەڵام شێخ بەو نزیکایەتیە ڕازی نابێت و ناکۆکی دروست دەبێت، و ئەنجامی ئەو ناکۆکیيانەش بە خوێن ڕشتنی یەکێک لە سانەکان کۆتایی هات، کە دۆستی شێخ بوو. لەسەر دەستی قادر بەگ، شێخ لە دەرەنجامی ئەو کارە بیارە چۆڵ دەکات و دەچێتە گوندی باخەکۆن. (محمد، ٢٠٠٥، ل٩٦٢) باخەکۆن بەرلەوەی شێخ حیسامەدین ڕووی تێ بکات چۆڵ بوو، بەڵام شێخ بەهادینی باوکی بە موڵکی خۆی داناوە، و پاش ئەوە بووبە گوندێکی ئاوەدان، لە هەموو لایەکەوە دەهاتنە لای شێخ (هەورامانی، ٢٠١٦، ل٥٣٨) شێخ حیسامەدین کە لە باخەکۆنی هەورامان نیشتەجێ بوو، لە ڕێی شێخ یووسف شەمسەدینەوە هەوڵی بڵاوکردنەوەی سۆفیگەری دەدا لە مەهاباد. (هەورامانی، ٢٠١٦، ل ٥٤١-٥٤٢) ئەم شێخە لە ساڵی ١٣٥٨ك/١٩٣٩ز داکۆچی دوایی دەکات. (وەزیری، ٢٠٢٠، ل٣٨٩) لەدوای خۆی چوار کوڕ و پێنج کچی بەجێهێشتووە. (ڕۆستەم، ٢٠٠٤، ل١٦٦)

### هەشتەم: شێخ عوسمان سیراجەدینی دووەم (١٣١٤ك/ ١٨٩٦ز -١٤١٧ك/ ١٩٩٧ز):

ناوی عوسمان کوڕی شێخ عەلائەدین کوڕی شێخ عومەر کوڕی شێخ عوسمان سیراجەدینی یەکەمە، لە ١٣١٤ك/ ١٨٩٦ز لە گوندی (سەفی ئاوا) ی نزیک جوانڕۆ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدایکبووە، منداڵی گەورەی ناو خێزانەکەیەتی و ١٠ برای دیکەشی هەبووە. (هەورامانی، ٢٠١٦، ل٤٦٣) لە سەرەتادا نازناوی (کەمالەدین) بووە، دواتر گۆڕاوە بە (سیراجەدین) گوایە لە جیهانی مەعنەویدا بە فەرمانی پێغەمبەری خودا (د.خ) ئەو نازناوەی پێدراوە، بۆ ئەوەش فەرمان بە باوکی واتە (شێخ عەلائەدین) کراوە. (وەزیری، ٢٠٢٠، ل٣١٨) پاش مردنی باوکی دەبێتە شێخی جێنشین، چەند مانگێك پاشتر ئەنجومەنی زانستی لە ئەوقافی سلێمانی تاقیکردنەوەی دەکەن و پاشان فەرمانی شاهانەی بۆ پۆستنشینی بۆ دەردەچێت. (مودەڕیس، ١٩٨٣، ل٣١٥)

لە تەمەنی منداڵییەوە وەک شێخزادەیەک خراوەتە بەر خوێندنی ئایینی لای باوکی، لە باسکردنی توانستی زانستیدا جیاواز لە هەموو شێخەکانی تری بنەماڵەکەی ئاستی زانستی خوێندنی ئایینی لەسەر دەستی مەلا (حوسێن طاهر بوغی) وەک مەلایەک مۆڵەتی زانستی وەرگرتووە. (محەمەد، ٢٠٠٥، ل ٥٨٣) بەڵام بۆچوونی پێچەوانەش هەیە کە خوێندنی ئەم شێخە تەنیا خوێندن بووە و مۆڵەتنامەی نووسراوی زانستی مەلایەتی لەلایەن هیچ زانایەکی ئاینییەوە پێنەدراوە، بەڵکوو تەنیا وانەی ئایینی لەلا خوێندووە. نەگەشتوەتە ئاستی مۆڵەتی زانستی مەلایەتی (نەقشبەندی، ٢٠٢٢/٧/٣، ٠٩:١٠) شێخ مەحموودی حەفید لە باسیدا دەڵێت: "شێخ عوسمان دارای ئەدەب و ڕەوشت بەرزییە." (موفتی، ٢٠١٧، ل١٧٩)

لە پاش کۆچی دوایی شێخ عەلائەدین، شێخ عوسمان سیراجەدینی دووەم جێگای گرتەوە، بە مۆڵەتنامەی فەرمی شێخی عەلائەدین، هەرچەندە نووسراوی فەرمی بۆ شێخ زایدی کوڕیشی نووسیبوو، بەڵام ئەم دەبێتە شێخی جێنشین لە ساڵی ١٩٥٤. (وەزیری، ٢٠٢٠، ل٣١٢) بەدەر لەم شێخە هیچ کام لە شێخانی پێشووی نەیانتوانیوە لە نەریتی بۆماوەیی شێخایەتی لا بدەن. لە پاش شۆڕشی ١٤ی تەمموزی١٩٥٨ شێخ عوسمان بۆماوەی دوو دەیە عێراقی بەجێهێشت و لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان گیرسایەوە و نیشتەجێ بوو. (Chodkiewic،١٠٢.p ,٢٠٠٧) ئەم شێخە لە ساڵی ١٤١٧ك/ ١٩٩٧ز و لە وڵاتی تورکیا کۆچی دوایکردووە.

بەگشتی ئەوەی تێبینی دەکرێت، لە شێخانی هەورامان هیچ شێخێکی نەقشبەندی مۆڵەتنامەی پێ گەشتوویی زانستی ئایینی (دوازدە عیلم) ی نەبووە. تەنانەت شێخ عوسمانی یەکەمیش، بەگێڕانەوەی شێخ عەلائەدین ئاستی خوێندنی تا کتێبی سیوطی بووە. (مودەڕیس، ١٩٨٣، ل١٠)

لەڕووی کۆمەڵایەتیشەوە، دیاردەی فرەژنی لایەنێکی تری ئەو دۆخە تایبەتەی ژیانی شێخانی ئەو سنوورە بووە، ئەمە ئەگەر لایەنێکی بۆ دروستکردنی زۆرترین پەیوەندی بێت، بەتایبەتی لەگەڵ خانەوادە خاوەن دەسەڵاتەکان، ئەوا لەڕوویەکی ترەوە بووە بە گرفت بۆ ئایندەی ژیانی نەوەی شێخەکان، چونکە فرەژنی بۆ شێخەکان وەک ئەوەی نەوەی زۆری لێکەوتەوە، هەرواش بێ کێشە نەبوو، چونکە بەرەی هەر دایکێک بەشی خۆی دەویست لە میرات. بەتایبەتی میراتی شوێنگرتنەوەی شێخ. ئەوەش بەڕوونی لە جێگرتنەوەی شێخ عەلائەدیندا دەرکەوت. کە براکان چۆن کەوتنە دژایەتی یەکتری. هەروەها لە سەردەمی شێخ حیسامەدینیشدا ئەو حاڵەتە هەبووە، بە دابەشبوونی بەرەی شێخ موعتەسەم و بەرەی شێخ ئەحمەدی شێخ محەممەد (هەورامانی، ٢٠١٦، ل١٠٤٠) لەم گەڕان و بەدوادا چوونەوە دەگەینە ئەوەی کە ژیانی شێخەکان بە دەر لە دیوە عیرفانییە سۆفیزمەکەی کە لایەنێکی بەهێزی چەسپاندنی پێگە و دەسەڵاتیان بووە، دیوێکی تری تاڕادەیەک ناکۆکیشی هەبووە کە ململانێی ناوخۆیی بووە لەسەر پێگەی شێخایەتی.

**ئەنجام:**

پاش گەڕان و پشکنین لە دووتوێی سەرچاوەکانی تایبەت بە مێژووی شێخانی نەقشبەندی لە هەورامان و هەڵەبجە ئەنجامەکان بە چەند خاڵێک دەخەینە ڕوو: -

١ / شێخانی نەقشبەندی ئەم ناوچەیە، لە پاڵ دیوە عیرفانی یەکەی سۆفیزم دا ڕۆڵی زۆریان هەبووە لە ناساندنی ناوچەکە و بە سەنتەرکردنی ئەو دەڤەرە، لە ڕووی تەریقەت و تەسەوفەوە ئەوەش ئاوەدانی بەناوچەکە بەخشییووە. لەگەڵێشیدا ئەو هێزە عیرفانی و سۆفیزمییە ڕۆڵی هەبووە لە سەرچاوەی هێزی شێخەکان و بە موڵککردنی زەوی زاردا.

٢ / لەو ڕۆژگارانەدا ئەوان بە تەنیا شێخێکی پشت لە دونیا نەبوون، بەڵکوو وەک مەولانا ڕوو لە دین و دونیاش بوون، ئەگەرچی سەرچاوەی دونیا بینی ئەمانە بۆ سۆفیزم و تەریقەت مەولانای نەقشبەندی بووە، بەڵام لە هەندێک لایەنەوە مەولانایان تێپەڕاندووە، لە چەشنی بە میراتیکردنی دەسەڵاتی ئایینی، لە ناو بنەماڵەی سیراجەدین دا بە جۆرێک دەسەڵاتداری بنەماڵەییان لە ئاغاواتی دونیاییەوە کرد بە شێخایەتی و دەسەڵاتداری ئایینی، واتە لە مۆرکە دونیایەکەوە گۆڕا بۆ مۆرکێکی ئایینی سۆفیزم.

٣/ ئەم بنەماڵەیە لە ماوەیەکی نزیک لە دووسەد ساڵی تەمەنی شێخایەتی لە ناوچەکە توانیویانە بەو ڕایەڵە سۆفیزمەی کاریان لەسەر کردووە، کاریگەری خۆیان لەسەر تاکی کۆمەڵگە و تەنانەت دەسەڵاتی سیاسی ئەو ڕۆژگارانەش بەجێهێڵن، بە ڕادەیەک گوێ لێگیراوی ڕۆژگاری خۆیان بوون، چ لە پرسە سیاسییەکان چ لە پرسە کۆمەڵایەتییەکان و بە جیاوازی ئەو دەسەڵاتە سیاسییەکان

٤ / ئەم تەریقەتە و شێخەکانی بە سەرچاوەیەک بۆ بڵاوکردنەوەی خوێندن و خوێندەواری لە ناوچەکە دادەنرێن. بە ڕادەیەک ناوەندێکی گەورەی پەرە پێدانی زانستی ئایینی بوون لەو ڕۆژگارانەدا، بە کۆکردنەوەی مەلا و فەقێیانی کورد و دابینکردنی پێویستییەکانی خوێندن بۆیان. ئەگەرچی خۆیان لە ڕووی زانستی ئایینییەوە کەسانی خاوەن مۆڵەتی زانستی ئایینی نەبوون، بەڵام سەرپەرشتی مەلا هەرەدیارەکانی ئەو ڕۆژگارانەیان کردووە، لە حوجرە و ناوەندەکانی خوێندنی سەر بە خۆیان.

٦/ فرە ژنی وەک دیاردەیەکی زۆر دیار لە نێو بنەماڵەی شێخانی نەقشبەندی هەوراماندا بینراوە لەگەڵێشیدا ئەو پرۆسەیە بەکار هێنراوە بۆ نزیک بوونەوە لە بنەماڵە دەسەڵاتدارەکان و ژن و ژنخوازی سیاسی کە لەنمای ژیانی شێخەکاندا خۆ دەبینێتەوە، بەوەش توانیویانە پەرەی زیاتر بە دەسەڵاتی خۆیان بدەن و ئەو دۆخە کۆمەڵایەتییە بخەنە خزمەتی دەسەڵاتدارێتی ئایینیانەوە.


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

## لیستی سەرچاوەکان:-

**یەکەم: قورئانی پیرۆز.**

**دووەم: کتێب بە زمانی کوردیی.**


٢/ئەدمۆندز، سیسیل جۆن، (٢٠٠٤). کورد تورک عرب. و.حامید گەوهەری. چاپی دووەم. دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس. هەولێر.

٣/ئەبو مننه، بوتروس، (٢٠٠٩). تەریقەتی خالیدی و سەلەفییەت لە بەغدا دوای شێخ خالید. و. محەمەد حەمە صالح تۆفیق. بەرگی یەکەم. چاپی یەکەم. چاپخانەی ئاراس. هەولێر.

٤/ئەبو مننه، بوتروس و زارکۆن، تێری، (٢٠٠٩). دەرکەوتنی تەریقەتی خالیدی و بڵاوبوونەوەی لە جیهانی ئیسلامی. و. محەمەد حەمە صالح تۆفیق. بەرگی یەکەم. چاپی یەکەم. چاپخانەی ئاراس. هەولێر.

٥/ئەمین، نەوشیروان مستەفا، (١٩٩٨). میرایەتی بابان لە نێوان بەر داشی ڕۆم و عەجەم دا . چاپ و بڵاوکردنەوەی مەڵبەندی ئاوەدانی کوردستان. بەرلین.

٦/ئەڵگەر، حامید، (٢٠٠٩). تەریقەتی نەقشبەندی-خالیدی لە تاڵش. و. محەمەد حەمەصالح تۆفیق. بەرگی یەکەم. چاپی یەکەم. چاپخانەی ئاراس. هەولێر.

٧/بابان، جەمال، (٢٠١٢). سلێمانی شارە گەشاوەکەم. بەرگەکانی(یەکەم و دووەم و سێیەم). چاپی دووەم. دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس. هەولێر.

٨/بەهمەنی، هادی ڕەشید، (٢٠٠١). پەیامی هەورامان. چاپی یەکەم. چاپخانەی ژین. هەولێر.

٩/بەهائەدین، صەلاحەدین محەمەد، (٢٠١٧). مامۆستای گەورەی خورماڵ١٩٠٧-١٩٨٤. چاپی یەکەم. چاپخانەی ڕەنج. سلێمانی.

١٠/برۆنسن، مارتن ڤان، (٢٠٠٣-٢٠١٠). ئاغا و شێخ و دەوڵەت.و.کوردۆ عەلی. بەرگی دووەم. چاپی یەکەم و دووەم. دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم. سلێمانی.

١١/بەرزنجی، عبدالرحمن شێخ سەلاحەدین شێخ سلێمان بێلاف، (٢٠٠٢). تەریقەتی نەقشبەندی بنەماو ئامانجەکانی. بەرگی یەکەم. چاپی یەکەم. دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریان، هەولێر.

١٢/ هاشمی، سەید تاهیری، (٢٠٠٤). مەولانا خالید و تەریقەتی نەقشبەندی. و. دلێر میرزا. چاپخانەی قانع. چاپی یەکەم. سلێمانی.

١٣/ هەورامانی، محەمەد ئەمین،(٢٠١٦). مێژووی هەورامان. بەرگی یەکەم. چاپی دووەم. چاپخانەی چوار چرا.سلێمانی.

١٤/ وەزیری، ئەمیر، (٢٠٢٠). نەقشبەندی لە کوردستان. چاپی دووەم. هەژاری موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە. تاران.

١٥/ زەڵمی، مستەفا،(٢٠١٤). کاروانی ژیانم. بەرگی یەکەم. چاپی یەکەم. سلێمانی.

١٦/حەمەصاڵح، عیززەت فەتاح، (٢٠٠٦). هەورامان توێژینەوەیەکی سۆسیۆئەنترۆپۆلۆجی. سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان. سلێمانی.

١٧/ کۆمەڵێك نووسەر: (٢٠١٣)، لێکۆڵینەوەکانی فێستیڤاڵی بابەت بە ڕێو ڕەچەی نەقشبەندی و بەرهەمی شاعیرانی. چاپی یەکەم. چاپخانەی پیرەمێرد. سلێمانی.

١٨/ کەریم، خالید مەحموود، (٢٠١٩). باشووری کوردستان لە کۆتاییەکانی سەردەمی عوسمانیدا. چاپی یەکەم. چاپخانەی کارۆ. سلێمانی.

١٩/ لە بڵاو کراوەکانی دیداری جیهانیی مەولانا خالید، (٢٠٠٩). ڕێبازی سۆفیگەری نەقشبەندی- خالیدی. و. محەمەد حەمەصالح تۆفیق . بەرگی یەکەم. چاپی یەکەم. چاپخانەی ئاراس. هەولێر.

٢٠/لە بڵاو کراوەکانی دیداری جیهانیی مەولانا خالید، (٢٠٠٩). ڕێبازی سۆفیگەری نەقشبەندی- خالیدی. و. د. هەڵکەوت حەکیم. بەرگی

دووەم. چاپی یەکەم. چاپخانەی ئاراس. هەولێر.

٢١/ مودەڕیس، مەلا عەبدولکەریم، (١٩٧٩). یادی مەردان. بەرگی یەکەم. چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد. بەغدا.

٢٢/ مودەڕیس، مەلا عەبدولکەریم، (١٩٨٣). یادی مەردان. بەرگی دووەم. چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق. بەغداد.

٢٣/ مودەڕیس، مەلا عەبدولکەریم، (١٣٩٤). ڕۆژگاری ژیان، یاداشت و بیرەوەرییەکانی. ئامادەکردن و لەسەر نووسینی ڕەووف مەحموودی. چاپی یەکەم. انتشارات کردستان. سنە.

٢٤/ مودەڕیس، مەلا عەبدولکەریم، (٢٠٢٢). باوەشێنی دڵ. پێداچوونەوە و ئامادەکردنی پ.د عیرفان ڕەشید شەریف. چاپی یەکەم. نووسینگەی تەفسیر. هەولێر.

٢٥/ مودەڕیس، مەلا عەبدولکەریمی، (١٣٨٩). بنەماڵەی زانیاران. چاپی یەکەم. ناوەندی بڵاوکردنەوەی سنە. سنە.

٢٦/ مەولەوی سەید عەبدوڕەحیم، (١٩٨٨). عەقیدەی مرضیة. شەرح و لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، پێداچوونەوەی فاتیح عەبدولکەریم. چاپخانەی خەلدوون. بەغداد.

٢٧/ میران، ڕەشاد، (٢٠٠٠). ڕەوشی ئایینی و نەتەوەیی لە کوردستاندا. چاپی دووەم. بڵاوکردنەوەی سەنتەری برایەتی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان. هەولێر.

٢٨/ ماکداوڵ، دیڤید ماکداول،(٢٠٠٥). مێژووی هاوچەرخی کورد. و.ئەبووبەکر خۆشناو. چاپی دووەم. چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە. هەولێر.

٢٩/ مامۆستا جەعفەر، فازڵ کەریم، (٢٠٠٦). شاری سلێمانی ململانێی گرووپە کۆمەڵایەتییەکان ١٨٢٠-١٩٢٠ . چاپخانەی شڤان. سلێمانی.

٣٠/ موفتی، شێخ محسن،(٢٠١٧). گەوهەری حەقیقەت "لە ژیان و کەسایەتی قوتبی تەریقەت حەزرەتی شێخ عوسمان سیراجەدین نەقشبەندی". بەرگی سێیەم. چاپی یەکەم. هەولێر.

٣١/ مینۆڕسکی، ڤلادیمیر،(١٩٨٤ ). کورد. و.حەمە سەعید حەمە کەریم. چاپی یەکەم. چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین. هەولێر.

٣٢/ مەدەنی، حسێن، (٢٠١٤). کوردستان و ستراتیژی دەوڵەتان. بەرگی یەکەم. دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات. سلێمانی.

٣٣ / محمد، عبدالرزاق عبدالرحمن، (٢٠٠٥). سەربوردێکی هەورامان و سەردانێکی تەوێڵە. چاپی یەکەم. چاپخانەی مەهارات. تاران.

٣٤ / نەقشبەندی، شێخ ئەمین شێخ عەلائەدین، ( ١٩٨٥). تەسەوف چییە. چاپی یەکەم. دار الحریة. بەغداد.

٣٥/ نەقشبەندی، خالید شارەزووری، (٢٠٠٤). عەقیدەی ئیمان. لێکۆڵینەوەی بابی لالۆ کەمال ڕەووف محەمەد. هەولێر.

٣٦ / سەلام، گۆران، (٢٠٠٤). کاریگەری خێڵ و ئایین لەسەر بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی کورد لە نێوان ساڵانی ١٨٤٧-١٨٨١. چاپی سێیەم . چاپخانەی کەمال. هەولێر.

٣٧ / عەلیاوەیی، عەبدوڵلا، (٢٠٠٤). کوردستان لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا. سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان. سلێمانی.

٣٨/ فەتاح، شاکر، (١٩٧٣). گەشتی هەڵەبجە و هەورامان. چاپخانەی کامەرانی. سلێمانی.

٣٩/ ڕۆستەم، ئەیووب،(٢٠٠٤). هەورامان لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی-کولتووری. بەرگی یەکەم. چاپی یەکەم. مەڵبەندی ڕۆشنبیری هەورامان. سلێمانی.

٤٠/ صابر، هەردی، (٢٠١٩). مۆڵەت نامەی زانستی لە کوردستاندا. چاپی یەکەم. بەبێ ناوی چاپخانە و شوێنی چاپ.

٤١/ صالح، یاسین صابر، (٢٠٠٩). ئینسکۆپیدیای گشتی. بەرگی سێیەم. چاپی دووەم. دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم. سلێمانی.

٤٢ / شڤیلی، أ.م. مینتیشا، (١٩٨٤). کورد کورتەی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی ئابووری ڕۆشنبیری و گوزەران. و.پ.د عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ. چاپی دووەم. چاپخانەی خانی. دهۆک.

٤٣ / تەها، بەرزانی مەلا، (٢٠١٨). سۆفیزم و شۆڕش. چاپی یەکەم . چاپخانەی بینایی. سلێمانی.

٤٤/ توداری، سەیید عەبدول صەمەدی، (١٩٧٠). چەمکێکی مێژووی هەورامان و مەریوان. چەند لاپەڕەیەک لە کتێبی (نور الانوار). و. محەممەدی مەلا کەریم. چاپی بەغدا. بەغدا.

٤٥/ تەوەککولی، محەمەد ڕەووف، (٢٠١٥). تاریخ تەسەووف در کوردستان. و.یوسف زاهیر هەورامی. چاپی یەکەم .چاپخانەی ڕۆژهەڵات. هەولێر.

**سێیەم: کتێب بە زمانی عەرەبی.**

٤٦ /الوائلي، عبد ربه ابراهيم،(٢٠٠٨). تاريخ الامارة البابانية (١٧٨٤-١٨٥١). الطبعة الاولى. دار الزمان للطباعة والنشر. سوريا.

٤٧ /المدرس، الشيخ عبدالكريم محمد، (٢٠١٤). علمأنا في خدمة العلم والدين. الطبعة الاولى. دار احياء تراث العربي. بيروت. لبنان.

٤٨/النقشبندي، الشيخ محمد عثمان سيراج الدين، (٢٠١٠). سراج القلوب. الطبعة الثالثة. اسطنبول. تركيا .

٤٩/ أبو الفضل، محمود الألوسي، (بدون السنة الطبع). روح المعاني في تفسير القرآن العظيم والسبع المثاني. المجلد ٧و٢٢. الناشر دار إحياء التراث العربي، بيروت.

٥٠/بگ، محمد امين زكي، (١٩٥١). تاريـخ السليمانية وانحائها. ت. وتعليق محمد جميل بندالروژبياني. الطبعة الثانية . مطبعة وزارة الثقافة. السليمانيه.

٥١ / ڕووف، عماد عبدالسلام،(٢٠١٢). دراسات وثائقيه في تاريـخ الكرد الحديث و حضارتهم. الطبعه الاولى. دار الزمان. دمشق. سوريا. مؤسسة التفسير. اربيل.

**چوارەم: کتێب بە زمانی فارسی.**

٥٢ / اوزدالگا، زير نظر اليزابت، (١٣٨٩). نقشبنديه در أسيا غربي مركزي تغير تداوم. ت. فهيمة ابراهيمى. پژوهشكده تاريخ اسلامى. تهران.

٥٣ /دهقاني، سامي،(١٣٩٣). سراج السالكين. جلد اول. چاپ اول. انتشارات علمى كالج. ايران.

**پێنجەم: کتێب بە زمانی ئینگلیزی.**

54/ Chodkiewicz, Michel . (2007). A lif of Scholarship and DevotionK. Routledge 2 Park Square Milton Park . U.S.A and Canada..

**شەشەم: چاوپێکەوتنەکانی توێژەر لەگەڵ.**

٥٥/ دەلاک، ئەحمەد عەبدوڵڵا، سلێمانی،(٢٠٢٢/٣/١١)، لە دایك بووی سلێمانی١٩٤٥، سۆفی و سەرخەتمی تەریقەتی نەقشبەندی، ماوەی چاوپێکەوتن ١:٢٠کاتژمێر ٤٤: ٥. ماڵەوە.

٥٦/حەمە خان، نوری فارس، سلێمانی،(٢٠٢٢/٥/١٧)، لە دایك بووی ١٩٣٥ لە قەرەداغ، ساڵی ١٩٥٧ مۆڵەتی مەلایەتی وەرگرتووە، مامۆستای ئاینی و نوسەری ئیسلامی خاوەن زیاتر لە ٢٥ بەرهەمی زانستییە لە نوسین و وەرگێڕان، ئێستاش لە ژیاندا ماوەو سەرقاڵی نووسینە، ماوەی چاوپێکەوتن ١:٥١، کاتژمێر ٤٨: ٤. ماڵەوە.

٥٧/ نەقشبەندی، شێخ ئاوات شێخ مەحمود، زەڕایەن، (٢٠٢٢/٧/٣)، لە ساڵی ١٩٨٣ز لە دایك بووە، لە نەوەی نشێخە نەقشبەندییەکانی هەورامانە، خاوەن بڕوانامەی ماستەرە لە بەشی دیراساتی ئیسلامی و وتارخوێنی خانەقای حاجی شێخ ساحیبە لە زەڕایەن، خاوەن بەرهەمی نوسینە لە بواری کەسایەتیەئاینیەکانی تەریقەتی سۆفیزمی نەقشبەندی، ماوەی چاوپێکەوتن ١:١٥، کاتژمێر ٩ : ١٠، خانەقا.

٥٨/ عەلائەدین، شێخ ثابت نەقشبەندی شێخ، سلێمانی،( ٢٠٢٢/٧/٢٦)، لە دایك بووی ١٩٣٥لە هەورامان، دەرچووی کۆلێژی یاسا و

سەرۆكی دادگای سلێمانی بووە لە ساڵانی نەوەدەكاندا، ئێستا خانە نشینە و وەك دواهەمین كوڕی شێخ عەلائەدین لە ژیاندا ماوە. ماوەی چاوپێكەوتن ٤٠ خولەك بەهۆی نەخۆشي و تەمەنەوە نەتوانرا زیاتر لەگەڵی بدوێین، كاتژمێر ٤٥: ٦. ماڵەوە.

٥٩/ قەڵادزەیی، مەلا فاخر، بیارە (٢٠٢٢/٥/١٢) لە دایك بووی ١٩٦٩ قەڵادزێ، مامۆستای ئاینی و سەرپەرشتیاری خانەقای بیارە، ماوەی چاوپێكەوتن ٤١ دەقە، كاتژمێر ٤٨: ٤. ناو خانەقا.

حەوتەم: تێز و نامەكان.

٦٠/ محەمەد، ئومێد ئیبراهیم. (٢٠١٣). ڕەوشی خوێندنی ئایینی ئیسلام لە شاری سلێمانی نێوان ساڵانی (١٩٢٢-١٩٥٨)". نامەی ماستەر بڵاو نەكراوە. فاكەڵتی زانستە مۆڤایەتی و كۆمەڵایەتییەكان. زانكۆی سلێمانی. كوردستان.

**هەشتەم: گۆڤار و ڕۆژنامەكان**

**أ: گۆڤارە كوردییەكان**

٦١ /ئایدن، نورالدین، (٢٠٠٩). "مەولانا خالیدی نەقشبەندی لە نێوان حەقیقەت و وەهمدا". و. ئەرسەلان تۆفیق. گۆڤاری كۆچ، ژمارە (١٠)، سلێمانی.

٦٢ /النقشبندی، محمد نجم الدین، (٢٠٠٠). "شێخ نەجمەدین نەقشبەندی ڕێبەری تەریقەتی نەقشبەندی لە بیارە و ڕۆڵی لە بەرگریكردن لە كوردستاندا". گۆڤاری كاروان. ژ (١٤٥). هەولێر.

٦٣ /پور، عادل محمد، (٢٠٠٩). "تا زیانەی سلووک لە ڕوخساری دەقەكانی (مەولانا خالید)دا". گۆڤاری ڕامان، ژمارە( ). هەولێر.

٦٤ / هەورامی، صبور، (٢٠٢١). "دەربارەی سۆفیگەری". گۆڤاری هەورامان. ژمارە(٤٣)، سلێمانی.

٦٥ /زەڵمی، ئیبراهیم حاجی،(٢٠٢٠). پەروەردەی ئایینی و پرسی ئایین و كۆمەڵگە". گۆڤاری پەیامی ڕاستی. ژمارەكانی(١١٦-١١٧). سلێمانی.

٦٦/ زەرگۆن، تێری، (٢٠٠٩). "بڵاو بوونەوەی تەریقەتی قادری بەرە و ڕۆژهەڵات". و. محمد حەمە صالح تۆفیق، گۆڤاری كوردۆلۆجی. ژمارە (٢). سلێمانی.

٦٧ / محەمەد، مەسعود، (١٩٨٩). "لە ئاوێنەی ئەم گوتارەدا تیشكی چەند چرایەك". گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ. بەشی یەكەم. ژمارە( ١٢٣). بەغداد.

٦٨/ عەبدول خالق، مەسعود، (٢٠١٧). "كاریگەری ململانێی تائیفیی لەسەر كوردستان". گۆڤاری خاڵ. ژ(١٣). سلێمانی. ص١٧.

٦٩ / ڕەسووڵ، عیزەدین مستەفا، (١٩٨٥). "سۆفیزم لە شیعری كوردیدا". گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ. ژمارە(١٠٧) دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوكردنەوەی كوردی. بەغدا.

٧٠ / شاكەلی، فەرهاد، (٢٠١٩). "شێخانی نەقشبەندی هەورامان و گەنجینەی تەریقەتی خالیدی- موجەددیدی لە كوردستان". گۆڤاری ڕامان. ژ(٢٦٧). هەولێر.

٧١ / شاكەلی، فەرهاد،(٢٠٠٠). "تەسەوف وەک سەرچاوەیەكی فەرهەنگی كورد". گۆڤاری سەنتەری برایەتی. ژ (١٧). هەولێر.

**ب: گۆڤارە عەرەبیەكان**

٧٢/ النقشبندی، محمد نجم الدین، (٢٠٠٦). "الشیوخ النقشبندیون و تأثیرهم فی الثقافه الكردیه الاسلامیه". المجلد الثالث. بغداد.

٧٣/ حكیم، هەلكوت، (٢٠٠٥). "ابعاد ظهور النقشبندیة فی كردستان اوائل القرن التاسع عشر". مجلة سردم العربی. العدد (٨). السلیمانیة.

نۆیەم: سەرچاوە ئەلەكترۆنییەكان .

٧٤ / برونسن، مارتن ڤان، (١٥-١٧/اغسطس/١٩٨٦م). "الطریقة النقشبندیة أداة للاحتجاج السیاسی بین الكرد(٢)". ت. راج ال محمد،


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

الجزء الثانى، من ورقة مقدمة الى المؤتمر الدولى مقاربات جديدة فى الدراسات الاسلامية، المعهد الاندونيسى للعلوم، جاكارتا، ٢٠١٧/٥/٨.

https://www.medaratkurd.com/2017/04 الطريقة-النقشبندية-آداةً-للاحتجاج الساسي بين الكرد(٢)/

/٧٥ برونسن، مارتن ڤان، (٢٠١٣/٦/١). "الكرد والاسلام-الطرق الصوفية و ادوارها الاجتماعية و السياسية". ت. راج ال محمد.

https://www.medaratkurd.com/٢٠١٣/٠٦/الكرد-و-الإسلام-الطرق-الصوفية-وأدواره/

٧٦ / محمد، نوبار،(٢٠١٥/٥/١) "علاقة الكرد بالتصوف من خلال الطريقة النقشبندية".

https://www.medaratkurd.com/٢٠١٥/٠٥/١علاقة-الكرد-بالتصوف-من-خلال-الطريقة-النقشبندية/

/٧٧التكايا بالدول العربية.. موروث عثماني يفيض باالخير على الفقراء https://www.trtarabi.com)

/٧٨خانقاه - المعرفة . https://www.marefa.org).

## پاشکۆ

خشتەی بنەماڵەی شێخە نەقشبەندییەکانی هەورامان ئەوانەی ئەدای کاری شێخایەتیان کردووە بە کرداری زۆرێك لەم شێخانە وەچە و منداڵی تریان هەبووە، بەڵام ئێمە لێرەدا تەنها ئەوانەمان وەرگرتووە کە مەبەستی توێژینەوەکە بووە، بەپێی سەردەم و قۆناغی شێخایەتیان.

